# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

۴۹۵

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۹۵ – گەلاوێژی – جوولای ۲۰۲۶





## شەڕی کۆنەپەرستانە و زەرووڕەتی سازماندان

## بەیاننامەی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

## هاوسەنگیی هێزی نوێ و ئەرکەکانی بزووتنەوەی کرێکاری!

## قەیرانە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە چارەسەر نەکراون



## زەرووڕەتی چینایەتیی پێکهێنانی سندووقەکانی هاوپشتیی کرێکاری



## بنەماڵەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران لەژێر باری کەمەرشکێنی هەڵاوسانی ئابووریدا

## شەڕی کۆنەپەرستانە و زەرووڕەتی سازماندان

## پەرەسەندنی قەیرانی ئاو لە ئێران؛ لە پاساوی حکوومەتییەوە

### سەروتار

## پەرەسەندنی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەلومەرجی شەڕ و توندبوونەوەی سەرکوتدا

بەردەوامبوونی شەپۆلی نوێی هێرشە سەربازییەکانی نێوان دەوڵەتی ئەمریکا و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، نیشاندەری شکست و دەستەوەستانی هەردوو بەرەی ئەم شەڕە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەیە لە کۆتاییهێنان بە شەڕ و دامەزراندنی "ئاشتی"دا. ئەگەر لە ڕۆژانی یەکەمی ئەم شەپۆلە نوێیەدا، هێرشە سەربازییەکانی ئەمریکا تەنها لە ناوەندەکانی فەرماندەیی، بنکە ڕاداری و مووشەکییەکان، بەرگریی ئاسمانی و سەکۆکانی هەڵدانی مووشەکی ڕژێم لە شارەکانی پەراوێزی گەرووی هورمز و دەریای عوماندا کورت ببووەوە، ئەوا لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی پووشپەڕەوە، هێرشە سەربازییە یەک لەدوای یەکەکانی ئەمریکا، ژێرخانەکان، بەندەرەکان، لەنگەرگەکانی گواستنەوە، ناوەندەکانی پەیوەندی ڕێگاوبان، هێڵی ئاسن و پردەکانی لە هەندێک شاری قوڵایی ئێرانیشدا تێکشکاندووە و زیانێکی بەرفراوانی لێ کەوتووەتەوە. لە بەرامبەریشدا، سوپای پاسداران و ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی بە هێرشی درۆنی و مووشەکی بۆ سەر کەشتییە نەوتهەڵگرەکان لە گەرووی هورمز و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا و هەندێک دامەزراوەی ژێرخانی وڵاتانی پەراوێزی کەنداو، لەوانە کوەیت، بەحرەین، قەتەر، ئوردن و تەنانەت عەرەبستانی سعوودی و هەرێمی کوردستانیش، ئەگەری پەرەسەندن و فراوانبوونی پانتایی شەڕەکەیان زیاتر کردووە

بە درێژەکێشانی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە و کەمبوونەوەی هەناردەی نەوتی ئێران، قەیرانی ئابووری ڕژێم قووڵتر بووەتەوە، نرخی هەر دۆلارێک بە خێرایی لە بەرزبوونەوەدایە و سنووری ٢٠٠ هەزار تمەنیشی تێپەڕاندووە. بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار بۆ جەماوەری خەڵک، بە واتای بەرزبوونەوەی هەڵاوسان و گرانبوونی سات بە ساتی نرخەکانە لە بازاڕدا

و بە واتای دابەزینی زیاتری توانای کڕینی کرێکاران و توێژە بێبەش و کەمدەرامەتەکانی کۆمەڵگا و پەرەسەندنی هەژاری و برسیەتییە لە ئێراندا، ئەمەش بەرگەگرتنی ئەم بارودۆخە پڕ نەهامەتییەی بۆیان دژوارتر کردووە. لەم ڕوانگەیەوە، لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا سەرباری توندبوونەوەی کەشوهەوای شەڕ و پەرەسەندنی سەرکوت و لەسێدارەدانەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش دژی بێکاری، هەژاری، برسیەتی و سەرکوت پەرەی سەندووە. حکوومەتی مایەپووچ و تاوانکاری ئیسلامیش لە بەرامبەر ئەم ناڕەزایەتییانەدا شمشێری لە ڕوو بەستووە و بە پەرەپێدانی لەسێدارەدان لە زیندانەکان و سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان لە کۆمەڵگادا، هەوڵ دەدات کەشی ترس و تۆقاندن بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت

هەر لەم ڕووەوە بە دەستپێکردنی شەپۆلی نوێی شەڕ، موحسینی ئەژەیی، سەرۆکی جەلادی دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامی، فەرمانی داوە کە پەلە بکرێت لە یەکلاکردنەوەی دۆسیەی دەستگیرکراوانی ناڕەزایەتییەکانی بزووتنەوەی ژینا و بەتایبەت ناڕەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٤٠٤ و دەرکردنی سزای لەسێدارەدان و زیندانی درێژخایەن بۆیان. هەر لەم پەیوەندییەدا، عەلی ئەسغەر جەهانگیر، وتەبێژی دەزگای قەزایی، ڕۆژی هەینی ٢٦ی پووشپەڕ، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا هۆشداریی دا کە: "هەر دەنگێک ببێتە هۆی لاوازکردنی دەزگای جێبەجێکردن، یاسادانان یان دادوەری نیزام، دەنگی دوژمنە و دەزگای قەزایی ئەرکی یاسایی خۆی لەم بوارەدا بەجێ دێنێت، چونکە پاراستنی یەکڕیزی «نەتەوەیی» لە هێڵە سوورەکانمانە و نابێت هیچ درزی تێبکەوێت." لەم نێوەندەدا، دەزگای سەرکوتی حکوومەتی ئیسلامی شەپۆلێک لە دەرکردنی سزا و جێبەجێکردنی لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی وەڕێخستووە و لە کاتی دەستپێکردنی شەپۆلی نوێی شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکاوە تا ئێستا، زیاتر لە ٥٠ کەس لە زیندانیانی سیاسی لەسێدارە داوە. لە درێژەی ئەم تاوانانەدا، ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی پووشپەڕ، دوو کەسی تر لە زیندانیانی سیاسی دەستبەسەرکراوی بەفرانباری ١٤٠٤یان لە زیندانی دەستگردی ئەسفەهان لەسێدارە دا و ١٠ کەسی دیکەشیان بۆ جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان گواستەوە بۆ ژوورە تاکەکەسییەکانی هەمان زیندان

بێگومان ئەم تاوانانەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی و بێزارییەکی زۆریش بووەتەوە. زیندانیانی سیاسی لە زیندانی قزلحەساری کەرەج لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕەوە دەستیان داوەتە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی و خواردنیان ڕەت کردووەتەوە. ئەوان بە بەرزکردنەوەی دروشم و نووسراوەی "نا بۆ لەسێدارەدان" درێژەیان بە مانگرتنەکەیان داوە و بەداخەوە باری تەندروستییان بەرەو خراپبوون دەچێت. بنەماڵەی ژمارەیەک لەو زیندانیانەی سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی پووشپەڕ لە بەردەم زیندانی قزلحەساری کەرەج کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان پێک هێنا و داوای هەڵوەشاندنەوەی سزاکانیان کرد، کە ڕووبەڕووی پەلاماری دڕندانەی هێزە سەرکوتگەر و بەکرێگیراوەکانی ڕژێم بوونەوە

سەرباری ئەمانەش، قەدەغەکردنی لەسێدارەدان و داواکاریی ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی، بووەتە یەکێک لە خواستە بنەڕەتییەکانی ناو مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران و توێژە چەوساوەکانی دیکەی کۆمەڵگا. ئەنجومەنی هاوئاهەنگی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانیش ڕۆژی ٢٣ی پووشپەڕ بە دەرکردنی بەیاننامەیەک ناڕەزایەتی خۆی بەرامبەر بە توندبوونەوەی دەرکردنی سزای زیندان بۆ چالاکانی پیشەیی مامۆستایان دەربڕی. بەڵام پەنابردنی حکوومەتی ئیسلامی بۆ ئامرازی لەسێدارەدان بە ئامانجی دروستکردنی کەشی ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگا و ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان، شتێکی تازە نییە. حکوومەتی ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا هەر کاتێک لە شەڕ یان لە پێشبردنی ستراتیژی و بەرنامە گەورەکانیدا ڕووبەڕووی شکست و ناکامی بووەتەوە، دەستی داوەتە کوشتار و لەسێدارەدانی زیندانیانی بێدەرەتان و بەتایبەت زیندانیانی سیاسی، تاوەکوو بەم چەشنە پێش بە سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان بگرێت

لە لایەکی دیکەوە، مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش دژی شەڕ و بۆ وەدیهێنانی خواست و داواکارییەکانیان هەروا بەردەوامە و ڕوو لە پەرەسەندنە. لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا شاهیدی مانگرتن و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی کرێکارانی کانی مسی درەخشانی تەختی گومبەد، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی کرێکارانی مسی سیرجان و ئێران بەرەکی قەزوین، دوو یەکەی بەرهەمهێنان لە کرمان و قەزوین، کرێکارانی شارەوانی بەندەر لەنگە، و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی شۆفێرانی تاکسی لە تاران لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوودا بووین، کە سەرجەمیان ڕووبەڕووی پەلاماری هێزە ئەمنییەکانی ڕژێم بوونەوە. خانەنشینانی تەئمینی ئیجتیماعیش لە درێژەی "یەکشەممەکانی ناڕەزایەتی"دا ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی پووشپەڕی ١٤٠٥ لە چەند شاری وڵات، لەوانە شووش، ئەهواز و تاران، کۆبوونەوە و ڕێپێوانی ناڕەزایەتییان بەڕێوە برد. خانەنشینانی ناڕازی، دژی هەڵاوسان و گرانی، حەقدەستی یەکجار کەم، هەژاری، هەڵاواردن، بەکاڵاکردنی دەرمان و پەروەردە، گەندەڵی و تاڵانکردنی سەرچاوە گشتییەکان، و هەروەها دژی شەڕانگێزی دروشمیان دا. ئەم ناڕەزایەتییانەش تەنیا پیشەیی و ئابووری نەبوون، بەڵکوو ناوەڕۆکی دروشم و خواست و داواکارییە سیاسییەکانیان و دژی قەیران، دژایەتیکردنی شەڕ، گەندەڵی، دزی و ڕانتخۆری لە سەرجەم ئۆرگانە حکوومییەکان و هەروەها دژایەتیکردنی لەسێدارەدان بووە

پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان دەتوانن زەمینەیەکی گونجاو بن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕێکخراوبوون، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕێبەرایەتییەکی سەرتاسەری لە ڕێگەی لێکگرێدانی ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بە یەکترەوە، و هەروەها فراوانکردنی ئاسۆی ڕزگاریخوازانەی سۆسیالیستی، و بە یەک کەلام، پێکهێنانی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی حکوومەتی ئیسلامی و کردنەوەی ئاسۆی ئازادی، یەکسانی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەڕووی جەماوەری خەڵکی ئێراندا

❊❊❊



## بەیاننامەی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

# هاوسەنگیی هێزی نوێ و ئەرکەکانی بزووتنەوەی کرێکاری! قەیرانە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە چارەسەر نەکراون

دوو شەڕی ئیسرائیل و ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، هاوسەنگی هێزی سیاسی لە ئێراندا گۆڕی، بەڵام هیچ یەک لە ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی چارەسەر نەکرد. ڕاپەڕینی بەفرانباری ١٤٠٤ نیشانی دا کە زۆرینەی خەڵکی ئێران خوازیاری کۆتایهێنانن بە تەمەنی کۆماری ئیسلامی. ڕێوڕەسمی چلەی گیانبەختکردووان و هەروەها سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی خوێندکاری، شاهێدی ئەو ڕاستییە بوون کە سەرکوتی خوێناوییش نەیتوانیوە جەماوەر لەو ڕێگەیەی کە لە بەفرانباری ٩٦ـەوە دەستیان پێکردووە پاشگەز بکاتەوە و، ئەو کەلێنەی کەوتووەتە نێوان جەماوەر و دەسەڵات، نەک کەلێنێکی کاتی و تێپەڕ، بەڵکوو قەڵەشتێکی مێژوویی، فەرهەنگی و پێکهاتەییە

هێرشی سەربازیی ئەمریکا و ئیسرائیل، ڕەوتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری ڕاگرت، بەڵام لەناوی نەبرد. شەڕ و پشتیوانیی ڕەزا پەهلەوی و سەڵتەنەتخوازان لە هێرشی سەربازیی ئەمریکا و ئیسرائیل، کەشی سیاسیی بە قازانجی کۆماری ئیسلامی گۆڕی، ناڕەزایەتی و مانگرتنەکانی دواخست و ئەو دەرفەتەی بە دەسەڵات دا تاوەکوو بە بیانووی نوێی "بەکرێگیراوانی ئیسرائیل" درێژە بە کۆمەڵکوژی و لەسێدارەدانەکان بدات. سەرەڕای هەموو ئەمانە، شەڕ نەیتوانی پێگەی کۆماری ئیسلامی لەلای خەڵکی ئێران باشتر بکات. پڕۆژەی "گۆڕینی ڕژێم لە دەرەوە" تووشی شکست هات. هێرشی سەربازیی ئیسرائیل و ئەمریکا کۆماری ئیسلامیی نەڕووخاند. سەڵتەنەتخوازان کە بوونی سیاسیی خۆیان گرێ دابوو بە دەستتێوەردانی سوپای ئیسرائیل و ئەمریکاوە، زیاتر لە هەر ڕەوتێکی دیکە زیانیان بەرکەوت. ئەزموونی ئەم دواییە سەلماندی کە ئازادیی خەڵکی ئێران، نەک لە ڕێگەی شەڕ و بۆردومانەوە، بەڵکوو تەنیا لە ڕێڕەوی خەباتی وشیارانە و سەربەخۆی یەکگرتوویی بزووتنەوە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکانەوە بە ڕابەرایەتیی بزووتنەوەی کرێکاری، بەدەست دێت

لەوانەیە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی دانوستانەوە بەشێک لە گوشارە دەرەکییەکان کەم بکاتەوە، هەناردەی نەوت بەرز بکاتەوە یان بەشێک لە سەرچاوە داراییە دەستبەسەرداگیراوەکانی ئازاد بکات، بەڵام هیچ یەک لەم پێشهاتانە، نە کەلێنی نێوان جەماوەر و ڕژێم پڕ دەکەنەوە و نە قەیرانە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێران چارەسەر دەکەن. بارودۆخی نالەبار و تاقەتپڕووکێنی ئێستا، تەنیا بەرهەمی گەمارۆ یان شەڕ نییە؛ بەڵکوو دەرئەنجامی زیاتر لە چوار دەیە لە دەسەڵاتێکی نیزامییە کە لەسەر بنەمای ئیستبدادی سیاسی، سەرمایەداریی دڕندە و بێسنوور، گەندەڵیی پێکهاتەیی، سەرکوتی ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان و سەپاندنی باری قەیرانی ئابووری بەسەر شانی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان، دامەزراوە. هەر لەبەر ئەمەش، دیکتاتۆری، ئاپارتایدی ڕەگەزی دژ بە ژنان، ستەمی نەتەوەیی، دابەزینی بەردەوامی حەقدەستە ڕاستەقینەکان، دابەزینی بەهای ڕیاڵ، گرانی، بێکاری، پەرەسەندنی هەژاری، قەیرانی نیشتەجێبوون و وێرانکردنی ژینگە، هەروا وەک خۆیان دەمێننەوە. ئەم حەقیقەتەش، زەمینەی ماددی بۆ قۆناغێکی نوێ لە خەباتە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان خۆش دەکات

قۆناغی داهاتوو، قۆناغی دیاریکردنی جێگەوپێگەی هێزە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانە لە هاوسەنگیی هێزە نوێیەکەدا. ڕەزا پەهلەوی و فاشیستە سەڵتەنەتخوازەکان نیشانیان دا کە بێبەشن لەو پێگە کۆمەڵایەتییەی بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە پێویستە، هەروەها شکستهێنانی پشتبەستنیان بە سوپای ئیسرائیل و ئەمریکا، چانسی ئەوانی بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لەگۆڕ نا. ئیسڵاحخوازانیش هەروا بەدوای چارەسەرە شکستخواردووەکەی چاکسازی یان نۆژەنکردنەوەی کۆماری ئیسلامییەوەن. لە بەرامبەردا، بزووتنەوە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان ــ کرێکاران، ژنان، خوێندکاران، بزووتنەوەی ڕزگاری لە ستەمی نەتەوەیی، مامۆستایان و خانەنشینان، هێشتاش گەورەترین هێزن بۆ گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵگەی ئێراندا. لە نێو ئەم هێزانەشدا، چینی کرێکار خاوەنی پێگەیەکی تایبەتە. ئەم پێگەیەش نەک لە باڵادەستییەکی ئەخلاقییەوە، بەڵکوو سەرچاوەگرتوو لە شوێنی ئەم چینەیە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا. چینی کرێکار تاکە هێزە کە بە ڕێکخستنی مانگرتنە سەرتاسەرییەکان دەتوانێت سووڕی بەرهەمهێنان، گواستنەوە، وزە، خزمەتگوزاری و بەڕێوەبردنی وڵات پەک بخات و هاوسەنگیی هێز بە قازانجی جەماوەر بگۆڕێت. بەڵام ئەم توانایە تەنیا کاتێک دەبێتە ئەمری واقیع کە بزووتنەوەی کرێکاری لە بازنەی داواکارییە تایبەتەکانی چینی خۆی پێ بنێتە دەرەوە و خۆی بە ئاڵاهەڵگری خەباتی سەرجەم چەوساوەکانی کۆمەڵگە بزانێت. بەرگریکردن لە ئازادییە سیاسییەکان، مافی ڕێکخراوبوون، مافی مانگرتن، پەروەردە و دەرمانی بێبەرامبەر، یەکسانیی تەواوەتیی ژنان، کۆتایهێنان بە ستەمی نەتەوەیی و پاراستنی ژینگە، هەموویان پێکهاتەی جیانەکراوەی بەرنامەی بزووتنەوەیەکی کرێکارین کە بانگەشەی دەسەڵات دەکات

بە کۆتایهاتنی شەڕ، خەباتی خەڵکی ئێران پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە. قۆناغێک کە تێیدا نە چاوەڕوانی ئاکامی دانوستانەکان دەبن و نە هیوایان بە سوپای ئەمریکا و ئیسرائیل دەبێت؛ بەڵکوو قۆناغی ڕێکخستنی هێزە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکانە بۆ گۆڕینی هاوسەنگیی هێز بە قازانجی زۆرینەی جەماوەر. بزووتنەوەی کرێکاری تا چەندە ڕێکخراوتر، یەکگرتووتر و گرێدراوییەکەی بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە قووڵتر بێت، ئەگەری تێپەڕین لە ئیستبداد و گەیشتن بە ئازادی، یەکسانی و دەسەڵاتی شۆرایی زیاتر دەبێت. داهاتووی چینی کرێکاری ئێران، نە لە واشینگتۆن و تێلاڤیڤ دیاری دەکرێت و نە لە ژوورە داخراوەکانی دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامیدا. داهاتووی کرێکاران بە ڕێکخراوبوون، هاوپشتی و خەباتی سەربەخۆی وشیارانە و لە یەکگرتوویی لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا بنیاد دەنرێت

لە وەها هەلومەرجێکدا، چالاکانی چەپ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری ئەرکێکی یەکلاکەرەوەیان لەسەر شانە. ئەوان بە هاوکاریی حیزبە کۆمۆنیستەکان و لەوانەش شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، دەبێت لەمپەرە تیۆری و ڕێکخراوەییەکانی بەردەم هاوکاری و یەکگرتوویی خۆیان لابەرن و ببنە هێزێکی یەکگرتوو و ڕێکخراو. تۆڕێکی سەرتاسەری لە ڕابەرانی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان پێکبهێنن، تاوەکوو هەم پێکهێنانی ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان لە شوێنی کاردا بکەنە چەقی خەباتەکانیان، و هەم زەمینە خۆش بکەن بۆ ڕێکخستنی هاوئاهەنگی ناڕەزایەتی و مانگرتنەکان بە جۆرێک کە لە ئاستی یەک کارخانە تێپەڕێت. لەم قۆناغەدا بە بەرجەستەکردنەوەی داواکاری و دروشمی یەکگرتووانە دژ بە هەژاری، بێکاری، سەرکوت، لەسێدارەدان و خەبات لەپێناو ئازادیی زیندانیانی سیاسی، زۆرترین یەکگرتوویی و هاوهەنگاوی لە نێوان بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی جەماوەریدا دروست بکەن. سەرکەوتنی خەبات دژ بە ڕژێمی ئیسلامی، گرێدراوە بە پەرەپێدانی هاوپشتی و یەکگرتوویی بزووتنەوەی کرێکاری لەگەڵ بزووتنەوەکانی ژنان، خوێندکاران، خەباتی دژ بە ستەمی نەتەوەیی، مامۆستایان، خانەنشینان و بزووتنەوەی ژینگەپارێزی. دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕێکخراوەیی لە نێوان چالاکان و ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لەگەڵ ئەم بزووتنەوانەدا، مەرجی زەروورییە بۆ ڕێکخستنی ناڕەزایەتی و مانگرتنە سەرتاسەرییەکان بە مەبەستی دامەزراندنی سیستەمێک کە داواکاریی سەرجەم ئەم بزووتنەوانە دەستەبەر بکات

**بژی ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان**

**بڕووخێ ڕژێمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی!**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم!**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

١٧ی پووشپەڕی ١٤٠٥ – ٨ی جوولای ٢٠٢٦

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حیکمەتیست، سازمانی ڕاهی کارگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلییەت

❋❋❋



## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

# لە مەحکوومکردنی پەلامارە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئۆردوگای سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە زڕگوێزەڵە

ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی، لە درێژەی پەلامارە مووشەکی و درۆنییەکانی بۆ سەر ئۆردوگاکانی حیزب و هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی ئێران لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کاتژمێر ٦ی بەیانی ڕۆژی هەینی ٢٦ی پووشپەڕی ١٤٠٥، ئۆردوگای سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە زڕگوێزەڵەی سەر بە شاری سلێمانیشی دایە بەر پەلاماری مووشەکی. لەم پەلامارە مووشەکییانەدا، بەداخەوە تا ئێستا ٩ پێشمەرگەی ئەم سازمانە بە ناوەکانی: ساوان نیکیخا، یاسین کیانپوور، زەکەریا فەقێ حەسەن ئاوا، سینا سەفەری، سرووش نەسری، ئەحمەد مەحموودی، فەرهاد قەمەری، ڕەزا سادقی و کەسرا ڕەحمان‌نژاد، گیانیان لە دەست داوە و سێ پێشمەرگەی دیکەش بە سەختی بریندار بوون و چارەنووسی دوو کەسی دیکەشیان نادیارە. بەهۆی ئەم پەلامارانەوە، زەوی و لەوەڕگاکانی دەوروبەریش ئاگریان تێبەر بووە و زیانی دارایی بە خەڵکی مەدەنی ناوچەکە گەیشتووە

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە خۆی یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی هەڵگیرسانی شەڕێکی کۆنەپەرستانە و تاوانکارانەیە لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا لە ئاستی ناوچەکەدا، و لە ماوەی شەش ڕۆژی ڕابردوودا کەوتووەتە ژێر گوشاری شەپۆلێکی نوێ و قورسی پەلامارە ئاسمانی و مووشەکییەکانی ئەرتەشی ئەمریکا، دەیەوێت بە پەرەپێدانی ئەم شەڕە وێرانکەرە بۆ ئاستی ناوچەکە، بەرەنگاری ئەم دۆخە ببێتەوە. لەم نێوەندەدا ئەگەرچی بۆردومان و پەلامارە مووشەکی و درۆنییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئۆردوگاکانی حیزب و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی ئێران لە هەرێمی کوردستان بابەتێکی نوێ نییە، بەڵام لەم قۆناغەدا ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی، سیاسەت و هەڵوێستگەلی شەڕخوازانەی هێزەکانی هاوپەیمانی شەش هێزی سیاسی کوردستانیشی کردووەتە بیانوو بۆ درێژەدان و پەرەپێدانی پەلامارە مووشەکییەکان بۆ سەر ئۆردوگاکانی ئەم هێزانە و نائەمنکردنی شارەکانی کوردستانی عێراق، و هەموو ڕۆژێک تاوانێکی نوێ دەخوڵقێنێت. بە جۆرێک کە لە ئاکامی پەلامارەکانی چەند مانگی ڕابردوودا تا ئێستا، زیاتر لە ٣٠ کەس لە پێشمەرگەکانی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ناوچەی هەرێمی کوردستان گیانیان لە دەست داوە و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون. ئەم کردەوە تاوانکارانەیەی ڕژیم، نیشانەی ئەوپەڕی داماوی و قووڵیی ئەو قەیرانەیە کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی تێیدا گیری خواردووە و هیچ ڕێگەیەکیشی بۆ دەربازبوون لێی نییە و وەها پەلامارگەلێکیش ناتوانن ببنە زامنی درێژەدان بە دەسەڵاتە نگریسەکەی

کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وێڕای مەحکوومکردنی پەلامارە مووشەکی و درۆنییەکانی ڕژیمی ئیسلامی بۆ سەر ئۆردوگاکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە کوردستانی عێراق، پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکار و هاوسەنگەرانی ئەو پێشمەرگانە دەکات کە بوونەتە قوربانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژەدان بە وەها پەلامارگەلێک، ئەمنییەت و ئاسایشی خەڵکی کوردستانی عێراقیشی خستووەتە مەترسییەوە و تا ئێستاش زیانێکی زۆری پێ گەیاندوون. بێگومان ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتە شەڕانگێزییەکانی و بە پەرەپێدانی شەڕیشەوە، ناتوانێت درێژەی دەسەڵاتە نگریسەکەی مسۆگەر بکات

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٢٦ی پووشپەڕی ١٤٠٥

١٧ی جوولای ٢٠٢٦

***




# زەرووڕەتی چینایەتیی پێکهێنانی سندووقەکانی هاوپشتیی کرێکاری

لە کاتێکدا کە درێژەکێشان و توندبوونەوەی کەشوهەوای سەرکوت، هەژاری و بێکاریی پێکهاتەیی و بێ‌وێنە و نیگەرانی لە دەرهاویشتە و کاریگەرییەکانی مانگرتن لەسەر ژیانی بنەماڵە کرێکارییەکان، هەروەها پەرەسەندنی شیرکەتە پەیمانکارییەکان و گرێبەستە کاتی و سپی‌واژووەکان و نائەمنیی پیشەیی و هەڕەشەی دەرکردن لە کار، وەک ئاستەنگ و لەمپەری سەرەکی لە بەردەم هەڵسووڕاوان و ڕابەرانی کرێکاری بۆ ڕێکخستنی مانگرتن و هاتنە مەیدانی کرێکاران دێنە ئەژمار، لەم هەلومەرجەدا و بە لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندەکانی هەژاری و نەهامەتیی ئابووری، کاتێک کرێکاران بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین و خەبات دژی ئەم دۆخە دەست دەدەنە مانگرتن، کێشە و گرفتە داراییەکانیان وەک ئامرازێک بۆ گوشار خستنەسەریان بە مەبەستی ناچارکردنیان بە کۆتایی هێنان بە مانگرتنەکەیان کار دەکەن و بنەماڵەی ئەو کرێکارانەش کە لەم خەباتەدا دەستبەسەر دەکرێن، دەکەونە ژێر گوشارێکی توندی داراییەوە. هەر ئەم کێشانە لەو کاتانەشدا کە کرێکاران ڕووبەڕووی ڕووداوە چاوەڕواننەکراو و لەناوکاوەکان دەبنەوە، لە بەرامبەریاندا سەر هەڵدەدەن. لەم حاڵەتانەدا، یان لەم ڕۆژانەدا کە بنەماڵەی کرێکاری لەگەڵ مەترسیی دەرکرانی نان‌هێنەرەکەیان بەرەوڕوون، پێویستە کرێکاران بە هانای یەکترەوە بچن و یارمەتیی یەکتر بدەن؛ تەنانەت لەوەش زیاتر، پێویستە پرۆسەی یارمەتیدانی دارایی یەکتر لە ڕێگەی پێکهێنانی سندووقە داراییە کرێکارییەکانەوە ڕێک بخەن و سازمان بدەن

ئەم سندووقە داراییانە دەتوانرێت بە هیممەت و تێکۆشان و پێداگریی خودی کرێکاران پێک بهێنرێن و لە لایەن خودی خۆیانەوە بەڕێوە ببرێن؛ بەرپرسانی ئەم سندووقانە بە دەخالەتی ڕاستەوخۆی ئەندامانی سندووق هەڵبژێردرێن و سەرجەم کرێکارانیش بتوانن تێیاندا ببنە ئەندام. ئەم سندووقانە سەربەخۆن لە بەڕێوەبەرایەتی، خاوەنکار و دامەزراوە دەوڵەتییەکان و سەرچاوەی داراییەکانیشیان لە ڕێگەی کۆکردنەوەی مافی ئەندامێتیی ئەندامانەوە دابین دەکرێت. ئەم سندووقانە بە شێوەیەکی ئاسایی و بەپێی سەرە، قەرز دەدەنە ئەندامەکانیان و لە کاتی ڕوودانی پێشهاتە چاوەڕواننەکراو و لەناوکاوەکانی وەکوو نەخۆشی و ڕووداوەکانی شوێنی کار یان دەستبەسەرکران لە ڕەوتی مانگرتندا، دەستبەجێ قەرزی پێویست و زەروورییان پێ دەدەن. ئەوەی کە قەرزی زەرووری دەدرێتە چ حاڵەتێک و بڕی ئەم قەرزانە چەندە، هەروەها چۆنێتیی دانەوەی قەرزەکان بە قیست و شێوازی بەڕێوەبردنی سندووقەکە، لە ئەساسنامە (پەیڕەوی ناوخۆ)ی سندووقەکەدا پێناسە دەکرێن و ڕەنگ دەدەنەوە

پێویستە سندووقە کرێکارییە ئاشکراکان (عەلەنییەکان) پێداویستییە داراییەکانی ئەندامان لە چوارچێوەی ئیمکانات و ڕێساکانی خۆیاندا دابین بکەن، کە لە بنەڕەتدا هۆکاری سەرەکیی ئەندامبوونی جەماوەری کرێکاران لەم سندووقانەدا هەر ئەمەیە. جەماوەری کرێکار لە ڕێگەی ئەندامبوون لەم سندووقانەدا دەتوانن کێشەکانیان لە ڕێگەی کاری هەرەوەزی و هاوکاری لەگەڵ هاوچینەکانی خۆیاندا چارەسەر بکەن. کرێکاران فێر دەبن کە ئەو کێشانەی کە

بە شێوەی تاکەکەسی بۆیان چارەسەر نابێت، دەتوانن بە یەکگرتوویی و هاوپشتی چارەسەری بکەن. پێکهێنانی ئەم سندووقە عەلەنییانە دەتوانێت ببێتە هۆی بەهێزبوونی ڕوحیەی ڕێکخستن لەناو کرێکاراندا و شێوازی دیمۆکراتیکی بەڕێوەبردنی ڕێکخراو فێری کرێکاران بکات و بێگومان هەمووی ئەوانەش لە گرەوی چالاکیی بەردەوامی کرێکارانی پێشڕەو و خەباتکاری ئەو سندووقانەدایە. چالاکانی پێشڕەوی بزووتنەوەی کرێکاری پێویستە بە چالاکیی خۆیان لەناو ئەندامانی ئەو سندووقانەدا، ڕوحیەی ڕێکخستن، هاوپشتیی چینایەتی و مایەدانان لە بەرژەوەندیی تاکەکەسی لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی، بەهێز بکەن. پێویستە یارمەتیدەری پرۆسەی پەروەردەی کرێکاران بن؛ بە جۆرێک کە کرێکاران بە ئەندامبوون لەم سندووقانەدا - کە جۆرێکە لە ڕێکخراوێکی سادە - فێر بن کە چۆن دەبێت لە دیاریکردنی سیاسەت، چارەنووس و بەڕێوەبردنی ڕێکخراوێکدا بەشداری و دەخالەت بکەن. لەگەڵ چەمکگەلێکی وەک ئەساسنامە، پێوەرەکانی ئەندامێتی، مافی ئەندامان، دابەشکردنی کار، پێگە و مەقامی کۆبوونەوەی گشتی (مەجمەعی عوموومی) و هتد ئاشنا بن، بە ئامادەبوونی چالاکانە لە کۆبوونەوەی گشتیدا دەخالەت لە دیاریکردنی چارەنووسی ڕێکخراوەکەدا بکەن، لێپرسینەوە لە بەرپرسان بکەن و خۆیشیان بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆ

سەرچاوە داراییەکانی ئەم سندووقە کرێکارییانە دەتوانێت و دەبێت ڕاستەوخۆ لە پێناو یارمەتیدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە داراییەکانی کرێکاران و لە خزمەت خەباتی کرێکاران و بزووتنەوەی چینی کرێکار بەگشتی سەرف بکرێت. بۆ نموونە یارمەتیی دارایی پێشکەشی بنەماڵەی کرێکارانی زیندانی، سندووقی مانگرتنی کارگەی خۆیان یان کارگەکانی دیکە بکەن. بەڵام دەبێت ئەو سەرنجە بدرێت کە دامەزراوەکانی سەر بە ڕژێمی ئیسلامی لە بەرامبەر پێکهێنانی ئەم سندووقانە لە لایەن کرێکارانەوە، بە شێوازی جۆراوجۆر کۆسپ و لەمپەر دروست دەکەن. لەو جێگایەی کە ئەم سندووقانە بە هیممەت و بەدواداچوونی خودی کرێکاران و بەپێچەوانەی ویست و ئیرادەی ڕژێمی ئیسلامییەوە پێک هاتوون، ڕژێمی ئیسلامی هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بەکرێگیراو و داروودەستەکانی خۆیەوە ڕێگری لە چالاکییەکانی سندووقەکە بکات. هەر بۆیە لە لایەکەوە نەبوونی ئاستی هۆشیاریی ئەندامانی ئەم سندووقانە لە ئاست بەرزکردنەوەی ئامانجەکانی سندووقەکە بۆ یارمەتیدانی خەباتی چینی کرێکار و، لە لایەکی دیکەشەوە گوشارەکانی ڕژێمی ئیسلامی بۆ سەر سندووقەکان، لەمپەرێکن لە بەردەم گەشەکردنی سندووقە کرێکارییەکان. پێویستە بە چالاکیی پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری، لەپێناو بردنەسەرەوەی هۆشیاریی ئەندامانی ئەم سندووقانە، بە هەوڵدان بۆ هێنانەمەیدانی هەرچی زیاتری کرێکاران بۆ ئەندامبوون لەناو ئەم سندووقانە و هەروەها بە جێخستنی سندووقی دارایی وەک سوننەتێکی پایەدار لەناو چینی کرێکار، ئەم کۆسپ و بەربەستانە لاببرێن و تێپەڕێندرێن. لە هەلومەرجی ئێستادا و بە لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگیی هێز لە نێوان ڕژێمی ئیسلامی و بزووتنەوەی کرێکاری و هەروەها بە سەرنجدان بە لێهاتوویی و ئەزموونی ڕابەران، هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی کرێکاری لە بواری بەرەوپێشبردنی چالاکیی ئاشکرادا، ئەو دەرفەتە هەیە کە سندووقەکانی هاوپشتیی کرێکاری بە شێوەیەکی ئاشکرا و عەلەنی پێک بهێنرێن و بە پشتبەستن بە هێزی یەکگرتوویی کرێکاران، عەمەلەن بەسەر ڕژێمدا بسەپێنرێت

❊❊❊

# خەڵکی عێراق لە نێوان دوو بەرداشدا

عەلی زەیدی، سەرۆکوەزیرانی تازە کاری عێراق، ڕۆژی پێنجشەممە یەکی گەلاوێژ لەسەر بانگهێشتی مەسعود پزیشکیان بۆ سەردانێکی یەک ڕۆژە گەیشتە تاران. بەپێچەوانەی پرۆتۆکۆلە دیپلۆماتیکە باوەکانەوە، وەزیری ئابووریی کابینەکەی پزیشکیان لە فڕۆکەخانە پێشوازیی لێ کرد. سەفەرەکەی عەلی زەیدی بۆ تاران تەنیا دوو ڕۆژ دوای ئەوە هاتە ئاراوە کە ناوبراو لە کۆشکی سپی لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ دیدار و وتووێژی کرد و پاشان بەرەو قەتەر بەڕێکەوت. ئەم دیدارانە تەنیا سێ مانگ پاش ئەوە ئەنجام دران کە عەلی زەیدی وەک سەرمایەدارێکی بواری بانکی عێراقی، لەلایەن گروپە شیعەکانەوە وەک کاندیدی پۆستی سەرۆکوەزیران دیاری کرا و لەلایەن ئەمریکاشەوە پەسەند کرا

ئەمە لە کاتێکدا بوو کە پێشتر ئەو گروپانە، نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشوو و گەندەڵی عێراقیان کە جێگەی متمانە و پشتیوانیی تەواوی کۆماری ئیسلامییە، بۆ ئەو پۆستە کاندید کردبوو، بەڵام بەرەوڕووی دژایەتی ترەمپ بووەوە و پاش خۆڕاگرییەکی زۆر، ناچار بوو لە کاندیدابوون بکێشێتەوە. چونکە ترەمپ هەڕەشەی ئەوەی کردبوو کە ئەگەر ناوبراو ببێتە سەرۆکوەزیران، ناردنی دۆلارەکانی عێراق لە بانکی ناوەندیی ئەمریکاوە بۆ ئەو وڵاتە ڕادەگرێت و کۆتایی بە هاوکارییەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق دەهێنێت. جێگەی ئاماژەیە، بەپێی دەستووری عێراق لە دابەشکردنی پۆستە حکومییەکان لە نێوان حیزبە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەدا، پۆستی سەرۆکوەزیران کە بەرزترین پێگەی دەسەڵاتە و فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانیش لەخۆ دەگرێت، بۆ گروپە شیعەکان تەرخان کراوە



عەلی زەیدی لە ماوەی مانەوەی پێنج ڕۆژەیدا لە ئەمریکا، ٤٨ ڕێککەوتننامەی ئابووری بە بڕی زیاتر لە ٦٠ ملیار دۆلار لە بوارەکانی نەوت، گاز و هێڵەکانی گواستنەوەی وزە لەگەڵ ئەمریکادا واژۆ کرد. سەرۆکوەزیرانی عێراق لە بەردەم کامێرای ڕۆژنامەنووسان لە کۆشکی سپی، وێڕای ستایش و مەدحکردنی ئەمریکا وەک زلهێزێکی گەورەی ئابووری، ڕایگەیاند کە ڕێککەوتوون تا مانگی سێپتەمبەری ئەمساڵ هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق بچنە دەرەوە و لە جێگەی ئەواندا کۆمپانیا بازرگانی و بازاڕییەکانی ئەمریکا دێنە عێراقەوە. ناوبراو وتیشی کە دەبێت تا ئەو کاتە گروپە چەکدارەکانی عێراقیش چەکەکانیان ڕادەستی دەوڵەت بکەن و هەبوونی چەک تەنیا لە دەستی دەوڵەتدا بێت. بێگومان داماڵینی چەکی گروپە شیعەکانی پاشکۆی کۆماری ئیسلامی لەژێر ناوی "حەشدی شەعبی"، تا ئێستا بەرەوڕووی دژایەتیی توندی هەندێک لەو گروپانە و بەتایبەتی خودی کۆماری ئیسلامی بووەتەوە. چونکە کۆماری ئیسلامی تا ئێستا لە ڕێگەی ئەم گروپانەوە "حکومەتی سێبەر"ی لە عێراقدا پێکهێناوە و تەنانەت لە دیاریکردنی بەرپرسانی حکومی و ئەمنی عێراقیشدا دەستێوەردانی ئاشکرای دەکرد. کۆماری ئیسلامی لەم ڕێگەیەوە، سەرەڕای ئەوەی ملیارەها دۆلار لە سامانی جەماوەری عێراقی بە ڕێگەی جۆراوجۆر تاڵان کردووە، هاوکات بووەتە هۆی دامەزراوەییکردنی دزی و گەندەڵییەکی گەورە لە سەرانسەری عێراقدا؛ هەروەها لە ڕێگەی گروپە چەکدارە ئیسلامییەکانی وابەستە بە خۆیەوە لە عێراق، هەر جۆرە دەنگێکی ناڕەزایەتی و بەرەنگاری دژ بە کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتەدا خەڵتانی خوێن کردووە

گرێدانی گرێبەستی زەبەلاحی لەم چەشنە لەگەڵ ئەمریکادا لە سەفەرەکەی عەلی زەیدیدا و بەڵێنی چەککردنی گروپە وابەستەکان، لە زیانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییە و هەنگاوێکی دیکەیە بە ئاراستەی کورتکردنەوەی دەستی ئەم ڕژێمە لە وڵاتانی ناوچەکەدا. لە کاتی ڕووخانی ڕژێمی تاوانکاری سەدامەوە، عێراق بووەتە تەراتێنگە و پێگەی نفووز و دەستێوەردانی سوپای پاسداران لە سەرجەم بوارەکان و دامەزراوەکانی حکومەتدا. کۆماری ئیسلامیش لەم ڕێگەیەوە، هەم بەشێک لە گەمارۆکانی تێپەڕاندووە و هەم بەشێک لە کورتهێنانی بودجەکەی خۆی لە ڕێگەی مامەڵە و ئاڵوگۆڕەکانی بانکی ناوەندی و بانکە تایبەتە دەستکردەکانی خۆیەوە لە عێراقدا قەرەبوو کردووەتەوە

لەم سۆنگەیەوە، سەفەری عەلی زەیدی بۆ ئەمریکا و مۆرکردنی گرێبەستە ئابوورییەکان، و بەڵێنی چەککردنی گروپە ئیسلامییەکان، لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەک وەرچەرخانی عێراق بەرەو باوەشی ئەمریکا لێک دراوەتەوە و ناڕەزایەتی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و باڵی ئوسوولگەرای

لێ کەوتووەتەوە. ئاژانسی هەواڵنێری فەرمی کۆماری ئیسلامی (ئیرنا) لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "ڕەخنەگرانی زەیدی بە هۆی پاشەکشە و ملکەچبوونی لە بەرامبەر داواکارییەکانی ئەمریکادا، ڕەخنەیان لێ گرتووە". هەر لەم پەیوەندەدا، عەلی ئەکبەر ویلایەتی، ڕاوێژکاری ڕێبەری نادیاری ڕژێم لە کاروباری نێودەوڵەتیدا، تەنیا ڕۆژێک پاش گەیشتنی زەیدی بۆ ئەمریکا، ناوبراوی بە گەنجێکی کەمئەزموون ناو برد و سەفەرەکەی بە جێگەی داخ زانی کە زیانی بە کەرامەت و ئابڕووی عێراق گەیاندووە. بێگومان چاودێرانی سیاسی ئامانجی سەفەرەکەی عەلی زەیدی بۆ ئەمریکا و قەتەر، سەرەڕای مۆرکردنی گرێبەستە ئابوورییە گەورەکان، بە هەڵگری پەیامێکی سیاسی ئەمریکا بۆ کۆماری ئیسلامی لە پەیوەند لەگەڵ بارودۆخە جەنگییەکەدا دەزانن. زەیدیش لەم بارەیەوە ڕۆژی پێنجشەممە لە پەڕەی تایبەتیی خۆی لە تۆڕی ئێکس نووسیویەتی کە "ئەمڕۆ لە سەفەرێکی فەرمیدا دەچمە تاران و لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دیدار دەکەم، تاوەکو سەبارەت بە پرسە گرنگە دووقۆڵییەکان و پرسەکانی ناوچەکە و هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە وتووێژ بکەین". سەفەری ڕاستەوخۆی ناوبراو بۆ قەتەر و لەوێشەوە بۆ تاران، ئەگەری جێگرتنەوەی قەتەر و عێراقی وەک نێوەندگیر لە جێگەی پاکستان بەدواوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، عەباس عێراقچی لەم بارەیەوە ڕایگەیاند کە: "ئێمە بۆ دانوستان لەگەڵ ئەمریکادا پێویستیمان بە نێوەندگیر نییە و نێوەندگیر بە ڕادەی پێویست هەن". ناوەندی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتیی کۆماری ڕژێمیش لەم بارەیەوە تەنیا ڕایگەیاند کە پزیشکیان و زەیدی لە دیدارەکەیاندا جەختیان لەسەر قایمکردنی پەیوەندییەکان و کردنەوەی ئاسۆیەکی نوێی هاوکاری لە نێوان تاران و بەغدادا کردووەتەوە

بەڵام هەروەک ئەوەی عەلی زەیدی جەختی لێ کردووەتەوە، لەگەڵ چوونەدەرەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق، کۆمپانیا نەوتی و گازییەکانی ئەمریکا بە مەبەستی تاڵانکردنی سەرچاوە سروشتییەکان پێ دەنێنە ناو عێراقەوە. ئەگەر چەککردنی گروپەکانی حەشدی شەعبی کە تا ئێستا بەشێکی جێبەجێ کراوە بەتەواوی کۆتایی بێت، کۆماری ئیسلامی یەکێکی دیکە لەو هێزە چەکدارانەی کە پێیان دەڵێت "میحوەری موقاوەمەت" لەدەست دەدات و ئەمەش وەک هەنگاوێک لە ئاراستەی کۆتاییپێهێنان بە ستراتیژیی جەنگیی پێشپێگرانەی کۆماری ئیسلامیدا ئەژمار دەکرێت. ئەزموونی چوار دەیەی ڕابردووش نیشانی داوە کە کرێکاران و جەماوەری ستەمدیدەی عێراق، نە بە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی و پاشکۆکانی و نە بە دەستێوەردانە ئیمپریالیستییەکانی ئەمریکا، ناتوانن لە ئاسایش و خۆشگوزەرانی بەهرەمەند بن. دابینکردنی ڕەفاه و ئاسایشی کرێکاران و توێژە بێبەش و زەحمەتکێشەکانی دیکەی جەماوەری عێراق -وڵاتێک کە خاوەنی سەرچاوەی دەوڵەمەندی سروشتییە-، تەنیا لە گرەوی خۆڕێکخستن، یەکگرتوویی خەباتکارانە و بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیاندا مسۆگەر دەبێت

***

# بنەماڵەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران لەژێر باری کەمەرشکێنی هەڵاوسانی ئابووریدا

بەرزبوونەوەی سەعات بە سەعاتی نرخی کاڵا و پێداویستییەکانی ڕۆژانە و هەڵاوسانی بێسنوور، ژیان و گوزەرانی بنەماڵە کرێکارییەکان و توێژە چەوساوەکانی لە ئێران خستووەتە ژێر گوشارێکی توندەوە. کاتێک کە بەپێی ئامارە فەرمییەکانی ناوەندی ئامار، ڕێژەی هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵ لە جۆزەردانی ١٤٠٥دا دەگاتە ٨٨,٦ لەسەد، هەڵاوسانی ساڵانە لە ٦٢ لەسەد تێدەپەڕێت، هەڵاوسانی گوندەکان سنووری ١٠٨ لەسەد دەبەزێنێت و نرخی خۆراک لە ماوەی تەنیا یەک ساڵدا نزیکەی ١٣٥ لەسەد بەرز دەبێتەوە، ئیتر ناکرێت ئەم پرسە تەنیا لە چوارچێوەی "گرانی" یان "شێوانی کاتی بازاڕ"دا کورت بکرێتەوە. ئەم ئامارانە باس لە قەیرانێک دەکەن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکانی دەسەڵات، خاوەندارێتی و بەرهەمهێنانەوەی چینایەتی ئاشکرا دەکات. بەرزبوونەوەی ١٣٩ لەسەدی نرخی نان و دانەوێڵە، هەڵکشانی زیاتر لە ١٧٨ لەسەدی نرخی گۆشتی سوور و مریشک، و چوونەسەری زیاتر لە ٢٧٨ لەسەدی نرخی ڕۆن و چەورییەکان، لە هەلومەرجێکدا ڕووی داوە کە کەمترین حەقدەستی مانگانە، بە لەبەرچاوگرتنی نرخی دراو لە بازاڕی ئازاددا، بۆ نزیکەی ٩٥ دۆلار دابەزیوە. ئەم کەلێنە قووڵەی نێوان داهات و خەرجی، بە واتای گواستنەوەی بەردەوامی سامانە لە هێزی کارەوە بۆ چینی دەسەڵاتدار و ناوەندەکانی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی

یەکێک لە گرنگترین ئەو خاڵانەی کە لە شیکردنەوەی دۆخی ئێستادا دەبێت سەرنجی بدرێتێ، پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و ئەو قازانجەیە کە لە هەڵاوسانەوە دەستی دەکەوێت. چڕبوونەوەی سەرچاوەکانی دراو و یەدەگی ئاڵتوونی وڵات لە دەستی دەوڵەتدا، ئەوە دەردەخات کە حکوومەت لە پراکتیکدا قازانج لە بەرزبوونەوەی نرخەکان دەکات. دەوڵەتی ئیسلامی تەنیا لە یەک ڕۆژدا نزیکەی ٥٠٠ کیلۆگرام ئاڵتوون دەخاتە بازاڕەوە و قازانجی کڕین و فرۆشتنەکەی دەخاتە گیرفانی خۆیەوە. ئەم نموونەیە، نیشاندەری لۆژیکی کارکردنی حکوومەتێکی گەندەڵە کە قەیرانی کردووەتە سەرچاوەی داهات. تا بەهای دراوی نیشتمانی زیاتر دابەزێت، سەرمایە دراوییەکان و ئاڵتوونەکانی دەوڵەت بە ڕیاڵ بەهایەکی زیاتر پەیدا دەکەن، بەمەش دەرفەتی پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجە لە ڕێگەی هەڵاوسانەوە زیاتر دەبێت. لە ئەنجامدا، دابەزینی بەردەوامی توانای کڕینی خەڵک دەبێتە بەشێک لە میکانیزمی دابینکردنی دارایی بۆ حکوومەت. پێکهاتەی گەندەڵی حکوومەتی ئیسلامی لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی دراو، سیستەمی بانکی، کۆمپانیا نیمچە-دەوڵەتییەکان و قۆرخکاریی بازرگانی دەرەکییەوە، ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساوە کە قەیرانی ئابووری لە بەرژەوەندی خۆی بەڕێوە ببات

ساڵانێکە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات سەرجەم قەیرانە ئابوورییەکان بخاتە ئەستۆی گەمارۆ دەرەکییەکان. بێگومان گەمارۆکان گوشارێکی بەرچاویان خستووەتە سەر ئابووری ئێران، بەڵام کورتکردنەوەی هەموو باری قەیرانەکە لەم هۆکارەدا، چاوپۆشی کردنە لە پێکهاتەی ڕاستەقینەی ئابووری سیاسی وڵات. لە چەند ساڵی ڕابوردودا دەیان ملیار دۆلار داهاتی بەدەستهاتوو لە هەناردەی پترۆشیمی، بەپێی پلانێکی داڕێژراو لە دەرەوەی وڵات ڕاگیراوە و نەگەڕاوەتەوە بۆ سووڕی ئابووری، ئەوەش لە کاتێکدایە کە هاوکات دەوڵەت بۆ ئازادکردنی نزیکەی ١٠ ملیار دۆلار لە سەرچاوە دەستبەسەرکراوەکان دەچێتە نێو دانوستانە ئاڵۆزە نێودەوڵەتییەکانەوە. ئەم ڕاستییە ئەوە دەسەلمێنێت کە کەمی دراو تەنیا بەرهەمی گوشاری دەرەکی نییە، بەڵکوو دەرئەنجامی شێوازی ڕێکخستنی ئابووری و کۆبوونەوەی سەرچاوەکانە لە دەستی چینی دەسەڵاتدار و ئەو دامەزراوانەی کە وەڵامدەرەوەی خەڵک نین. گەمارۆ تەنیا کاتێک دەبێتە قەیرانێکی گشتگیر کە پێکهاتەی ئابووری لەپێشترەوە تووشی ناتەبایی و ناکۆکییەکی قووڵ بووبێت. ئابووری ڕانتی، پشتبەستن بە هەناردەی کەرەستەی خاو، قۆرخکاری بازرگانی دەرەکی، گەندەڵی سیستماتیک و هەژموونی سپا، ئەو زەمینانەن کە گەمارۆکان کاریگەرییان لەسەر دادەنێن. بۆیە دەبێت بۆ هۆکاری سەرەکی قەیرانی ئابووری، نەک لە گەمارۆ نێودەوڵەتییەکاندا، بەڵکوو لە نێو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردندا بگەڕێین

یەکێک لە کارکردە گرنگەکانی هەڵاوسان، دابەزاندنی بەهای ڕاستەقینەی هێزی کارە. سەرمایەداران لە زۆرێک لە وڵاتان بۆ زیادکردنی قازانج، ڕاستەوخۆ حەقدەستەکان کەم دەکەنەوە؛ بەڵام لە ئابوورییەکدا کە هەڵاوسانێکی درێژخایەنی هەیە، ئەم ئەرکە خودی هەڵاوسان جێبەجێی دەکات. کاتێک نرخی کاڵا بنەڕەتییەکان لە ماوەی یەک ساڵدا زیاتر لە دوو هێندە بەرز دەبێتەوە، بەڵام حەقدەستەکان تەنانەت نیوەی ئەو بەرزبوونەوەیەش قەرەبوو ناکەنەوە، لە کردەوەدا پشکی کرێکاران لەو سامانە کۆمەڵایەتییەی کە بەرهەمی دەهێنن کەم بووەتەوە. دابەزینی بەهای ڕاستەقینەی حەقدەست، بەبێ پەسەندکردنی هیچ یاسایەک یان ڕاگەیاندنێکی فەرمی، دەبێتە هۆی گواستنەوەی هەمیشەیی بەها لە هێزی کارەوە بۆ خاوەن سەرمایەکان و دەزگای دەوڵەتی و نیمچە-دەوڵەتی. ئەمەش بە واتای توندبوونەوەی چەوساندنەوەیە. کرێکار هێشتا هەمان سەعات کار دەکات، بەڵام بەشێکی زیاتر لە بەهای بەرهەمەکەی لە شێوەی قازانج، ڕانت یان داهاتی دەوڵەتیدا لێ زەوت دەکرێت. کەواتە هەڵاوسان، یەکێکە لە کاریگەرترین ئامرازەکانی پەرەپێدانی چەوساندنەوە لە سەرمایەداری ئیسلامیدا

بەرزبوونەوەی لەڕادەبەدەری نرخی خانووبەرەش، وێنەیەکی ڕوونی لۆژیکی سەرمایەداری دەخاتە ڕوو. لە هەلومەرجێکدا کە ملیۆنان بنەماڵە بێبەشن لە شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو، هەزاران یەکەی نیشتەجێبوونی چۆڵ یان نیوەچڵ بۆ ساڵانێکی زۆر بەبێ بەکارهێنان ماونەتەوە. نموونەی ئەو باڵەخانانەی کە بۆ ماوەی سێ دەیە تەنیا پەیکەرەکەیان لە ناوچەکانی باکووری تاران ماوەتەوە و سەرمایەداران پاش

وەرگرتنی ملیۆنان دۆلار ئاسانکاریی بانکی، وڵاتیان جێهێشتووە، ئەوە دەردەخات کە سەرمایە ئیتر پێویستییەک بۆ چوونە نێو پرۆسەی بەرهەمهێنان نابینێت. قازانجکردن لە قۆرخکردنی زەوی، بەرزبوونەوەی نرخی داراییەکان و هەڵاتنی سەرمایە، زۆر زیاترە لە بەرهەمهێنانی ڕاستەقینە. ئەم دۆخە دەرئەنجامی سروشتیی هەژموونی سەرمایەی داراییە بەسەر ئابوورییەکەدا. خانووبەرە لە ئێران بووەتە ئامرازێک بۆ پاشەکەوتکردنی بەها و کەڵەکەبوونی سەرمایە. لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا، قەیرانی خانووبەرە سەرچاوە دەگرێت لە زاڵبوونی لۆژیکی قازانج بەسەر پێویستی مرۆڤەکان بۆ نیشتەجێبوونێکی گونجاو. ئەم دۆخە نموونەیەکە لە میکانیزمی سیستەمی سەرمایەداری لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامیدا، کە تێیدا دەوڵەت لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی باج و گومرگ، قەدەغەکردنی هاوردە و پاڵپشتییە داراییەکانەوە، قازانجی کۆمپانیا وابەستەکانی مسۆگەر دەکات و تێچووەکەشی لە گیرفانی بەکاربەران و کرێکاران دەستێنێت

ئەزموونی دەیەکانی ڕابردوو نیشانی داوە کە گۆڕینی دەوڵەتەکان لە سیستەمی ئیسلامیدا و ئاڵوگۆڕی بەڕێوەبەران یان چاکسازییە سنوورداره دراوی و داراییەکان، توانای کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکەیان نییە. تا ئەو کاتەی کە پێکهاتەی خاوەنداریێتی، قۆرخکاری سەرچاوەکان، گەندەڵی دامەزراوەیی، ڕانتخۆری و هەژموونی سەرمایەی دارایی جێگیر و بەردەوام بێت، هەڵاوسانیش بە شێوازی جۆراوجۆر بەرهەم دەهێنرێتەوە. پرسەکە تەنیا کۆنترۆڵکردنی نرخەکان یان جێگیرکردنی نرخی دراو نییە، بەڵکوو گۆڕینی ئەو پەیوەندییانەیە کە قەیرانەکە بەرهەم دەهێنن. کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەسەر بەرهەمهێنان و دابەشکردندا، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەسەر سەرچاوە سروشتییەکاندا، سیستەمی بانکی، بازرگانی دەرەکی و پیشەسازییە بنەڕەتییەکان، و هەروەها بەرنامەدارشتن لەسەر بنەمای وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگا، مەرجی پێشوەختەی هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی پایداری ئابوورین. ڕێگای ڕزگاری لەم بازنە هەمیشەییەی قەیران، لە هۆشیاری چینایەتی و خۆڕێکخستنی کرێکاران لەسەر بنەمای خەباتەکانی ئەم چینە، بەردەوامیی تێکۆشان لە پێناو پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییەکانی کرێکاران، دروستکردنی تۆڕێکی پێکەوەگرێدراوی ڕێبەرانی کرێکاری و پەرەپێدانی هۆشیاری سەبارەت بە زەروورەتی ڕاپەڕین دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان دایە، ئەمەش بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخەی ئێستا و گەیشتن بە ئازادی، یەکسانی و خۆشگوزەرانی گشتی

❋❋❋



# شەڕی کۆنەپەرستانە و زەروورەتی سازماندان

پەرەسەندنی تێکهەڵچوونە نیزامییەکان لە ناوچەکەدا، لە هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئامانجە نیزامییەکان و ژێرخانەکان لە ئێرانەوە بگرە تا هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر وڵاتانی ناوچەی کەنداو و کوردستانی عێراق، جارێکی دیکە نیشانی دا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە گۆڕەپانی دارشتنەوەی هاوسەنگی هێز لە نێوان دەوڵەتە سەرمایەدارییەکاندا. لەم نێوەندەدا، ئەوەی پەراوێز دەخرێت تەنیا قوربانییە گیانییەکان نییە، بەڵکوو ئەزموونی زیندوی ملیۆنان مرۆڤە کە بێ ئەوەی هیچ ڕۆڵێکیان لە پێکهاتنی ئەم ململانێیانەدا هەبێت، باجەکەی دەدەن. گێڕانەوەی باڵادەستی شەڕ بەگشتی تیشک دەخاتە سەر جووڵە نیزامییەکان، حیساباتە ژیۆپۆلەتیکییەکان و ڕیزبەندی هەردوو جەمسەری ئەم شەڕە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەیە، لە کاتێکدا ژیانی ڕۆژانەی ئەو جەماوەرەی بەرەوڕووی نائارامی، ناسەقامگیری و داڕمانی بەردەوام بووەتەوە، لە پەراوێزدا دەمێنێتەوە. ئەم دۆخە ناکرێت تەنیا وەک دەرەنجامی ناکارامەیی میدیاکان سەیر بکرێت. ونبوونی ئەزموونی کۆمەڵایەتیی شەڕ، خۆی بەشێکە لە میکانیزمی هەژموون و باڵادەستی هێزە سەرمایەدارییەکان لە جیهانی هاوچەرخدا. ئازار و مەینەتی سەبارەت بە ئاسایش تەنیا کاتێک دەکەوێتە چەقی سەرنجەوە کە بتوانێت خزمەت بە گێڕانەوە فەرمییەکان بکات ، دەستتێوەردانی نیزامی، یان ململانێی نێوان زلهێزەکان. ئەو بەشەش لە توندوتیژی کە پەیوەستە بە ژیانی کرێکاران، چەوساوەکان و دانیشتووانی ناوچە شەڕلێدراوەکان، زۆرجار بۆ داتایەکی ئاماری یان هەڤاڵێکی پەراوێز خراوکورت دەکرێتەوە

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کە لەسەر حیسابی بێکاری و هەژاری و نەهامەتی گشتی، ئێرانی کردووەتە کۆگای بەرهەمهێنانی مووشەک و درۆن و خۆی بۆ ئەم شەڕە تەیار کردووە؛ لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا کە ناوچەکە زیاتر لە ڕوانگەی بەرژەوەندییە ژیۆپۆلەتیکییەکان، وزە، کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوە ئاوییە ستراتیژییەکان و کەڵەکەبوونی سەرمایەوە هەڵدەسەنگێنێت، هەردووکیان بەشێکن لە سووڕی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەم شەڕ و قەیرانە. لەم نێوەندەشدا سیستەمی میدیایی بە ئەولەوییەتدان بە لۆژیکی هەواڵ و ململانێی سیاسی، دەرفەتێکی ئەوتۆ بۆ وێناکردن و ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕۆژانەی ئەو مرۆڤانە ناهێڵێتەوە کە لەژێر قورسایی شەڕدا دەژین. لەم ڕوانگەیەوە، مەسەلەکە سڕینەوەی ئەزموونی کۆمەڵایەتییە لە گۆڕەپانی سیاسەتدا. کاتێک کە مەینەتییەکان نەگەنە ناو زمان و میدیا گشتییەکان، ئەگەری گۆڕینیان بۆ داخوازییەکی بەکۆمەڵیش کەم دەبێتەوە. هەر لەبەر ئەمەش، بێدەنگی بەرامبەر بە ژیانی جەماوەر و ڕەهەندەکانی ئەو کارەساتانەی ڕووبەڕووی خەڵک دەبنەوە، بەشێکە لەو پەیوەندییانەی کە بەردەوامیی نەزمی هەنووکەیی مسۆگەر دەکەن

کۆماری ئیسلامی وەک پێگەیەکی سەرەکی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە کە بەرەوڕووی قەیرانە هەمەلایەنەکان بووەتەوە، مانەوەی خۆی زیاتر لە جاران بە بەڕێوەبردنی شەڕ و قەیرانەوە گرێ داوە. پەرەسەندنی گرژییە ناوچەییەکان و گواستنەوەی ململانێکان بۆ دەرەوەی سنوورەکان، ناکرێت دابڕاو لە پەرەسەندنی قەیرانی ڕەوایی سیاسی، داتەپینی ئابووری، کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو بێبەشییانە لێک بدرێتەوە کە لە ناوخۆی وڵاتدا بەسەر کرێکاران و توێژە چەوساوەکانی کۆمەڵگادا سەپاندوویەتی. لە دۆخێکی وەهادا، لۆژیکی پاراستنی دەسەڵات و هێشتنەوەی قەوارەی ڕێژیمی ئیسلامی دەکەوێتە سەرووی هەموو پرسەکانی دیکەوە. لە لایەکی دیکەوە، هێزە ئیمپریالیستییەکانیش ناوچەکە وەک بەشێک لە ڕیزبەندی جیهانی هێز هەڵدەسەنگێنن. لەم چوارچێوەیەدا، گرنگیی وڵاتێک یان ناوچەیەک، زیاتر لەوەی پەیوەست بێت بە بارودۆخی دانیشتووانەکەیەوە، گرێ دراوە بە پێگەکەیەوە لە تۆڕی وزە، بازرگانی و هاوسەنگی هێز لە بلۆکبەندییە جیهانییەکاندا. کەواتە، سڕینەوەی ئازارەکانی خەڵک لە گێڕانەوە زاڵەکان، دەرەنجامی لۆژیکی ئەو شێوازەیە کە سەرمایەداریی جیهانیی پێ ڕێک خراوە. لە هەلومەرجێکی وەهادا، داڕمانی کۆمەڵایەتی بەرهەمی ئەو پەیوەندییانەیە کە هاوکات ئاسایشی ماددی، دەرفەتی بەشداریی سیاسی و توانای چالاکی بەکۆمەڵ لاواز دەکەن

لەم چوارچێوەیەدا، بەبەڵگەنامەکردنی ئەزموونەکانی شەڕ، تۆمارکردنی گێڕانەوە جەماوەرییەکان و هەوڵدان بۆ بینرانیان هێشتا گرنگی خۆی هەیە؛ بەڵام ئەم هەنگاوانە لەخۆیاندا بەس نین. ئەزموونە تۆمارکراوەکان تەنیا کاتێک لە ئاستی تاکەکەسی تێدەپەڕن کە بکەونە ناو تۆڕێک لە چالاکییەکی بەکۆمەڵەوە. ئەگەرنا، تەنانەت بەرفراوانترین ئەرشیڤەکانی پەیوەندیدار بە تاوانەکانی جەنگ و ئازارەکانی خەڵکیش، لەوانەیە تەنیا بیرەوەریی شکستیان تێدا بپارێزرێت، بێ ئەوەی ببنە هێزێک بۆ گۆڕانکاری. هەر لەم خاڵەدایە کە پرسی ڕێکخراوبوون گرنگییەکی چارەنووسساز پەیدا دەکات. ڕێکخراوبوون بە واتای دروستکردنی زەرفییەتە پایدارییەکانە بۆ گرێدانی ئەزموونە پەرتەوازەکان، فۆرمولەکردنی داخوازییە هاوبەشەکان و گۆڕینیان بۆ هێزێکی کۆمەڵایەتی. تا چەندە پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان، مرۆڤەکان بەرەو کێبڕکێ، گۆشەگیری و پەرتەوازەیی پاڵ پێوەدەنێن، ڕێکخستن لە خوارەوە، هەوڵێکە بە ئاراستەی پێچەوانەی ئەم ڕەوتە؛ هەوڵێکە بۆ بنیادنانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و وشیاریی چینایەتی. چین، تەنیا کۆمەڵێک لە تاکەکان بە پێگەیەکی ئابووریی هاوشێوە نییە. چین تەنیا کاتێک دەبێتە هێزێکی مێژوویی کە بتوانێت ئەزموونە هاوبەشەکانی بۆ وشیاری، ئیرادە و کردەوەی هاوبەش بگۆڕێت. شەڕ، گەمارۆ، سەرکوت و قەیرانی ئابووری،

هەرچەندە گوشارێکی بەرفراوان دەخەنە سەر چەوساوەکان، بەڵام خۆبەخۆ نابنە هۆی هاوپشتی کۆمەڵایەتی. بەبێ فۆرمە پایدارییەکانی ڕێکخستن، ئەم گوشارانە زیاتر دەبنە هۆی پەرتەوازەیی، ململانێ لەسەر سەرچاوە سنووردارەکان و دارمانی توانای بەکۆمەڵ

هەر بەم هۆکارە، کێشەی سەرەکی تەنیا مەحکوومکردنی سیاسەتە ئیمپریالیستی و میلیتاریستییەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و شەڕەنگێزییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نییە. ڕەخنەگرتن لەم شەڕە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەیە کاتێک مانا پەیدا



دەکات کە هاوڕێ بێت لەگەڵ ئاسۆیەک بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی. ئەگەرنا، نارەزایەتییش لەوانەیە گیرۆدەی هەمان ئەو بازنەیە ببێت کە هەر قەیرانێک بە قەیرانێکی نوێوە گرێ دەدات، بێ ئەوەی دەرفەتی دابڕانێکی ڕاستەقینەی لێ بڕەخسێت. کەواتە، دەبێت هەوڵ بدرێت گرێدانێک لە نێوان ئەزموونی زیندووی جەماوەر و پرسی ڕێکخراوبوون و چالاکیی ڕێکخەرانە دروست بکرێت. چونکە لە هەر کوێیەک ئەزموونە تاکەکەسییەکان لە قاڵبی یادەوەرییەکی بەکۆمەڵ و چالاکییەکی ڕێکخراودا بنیاد بنرێنەوە، توانایی کۆمەڵگا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کارەساتانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکیدا سەپاندووە و هەروەها بەرەنگاربوونەوەی شەڕەنگێزییەکانیشی، بەهێزتر دەبێت. ئەلتەرناتیڤی ئەم دۆخە تەنیا لە ناخی بنیادنانەوەی فۆرمە ڕێکخراوەکانی هاوپشتیی کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەقوڵێت؛ هاوپشتییەک کە بتوانێت ئەزموونە پەرتەوازەکانی شەڕ، نائارامی و بێبەشبوون، بە وشیاریی بەکۆمەڵ و چالاکیی سیاسییەوە گرێ بدات. لە وەها ئاسۆیەکدا، خۆڕاگری چیتر بە واتای بەرگەگرتن لە قووڵاییی قەیرانەکاندا نییە، بەڵکوو بە واتای خوڵقاندنی زەرفییەتگەلێکە بۆ کۆتاییهێنان بەو بارودۆخەی کە شەڕ، قەیران، هەژاری و نەهامەتیی ئابووریيان کردووەتە بەشێکی هەمیشەیی لە ژیانی کۆمەڵایەتی

❊❊❊

# پەرەسەندنی قەیرانی ئاو لە ئێران؛ لە پاساوی حکوومەتییەوە تا حەقیقەتی ئابووریی سیاسی

قەیرانی ئاو جارێکی تر بووەتە یەکێک لە گرنگترین کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگەی ئێران. لە کاتێکدا پاساوی حکوومەتی هۆکاری سەرەکیی ئەم دۆخە دەخاتە ئەستۆی کەمبارانی و بەکاربردنی لەڕادەبەدەری هاووڵاتییان، ئەو ڕاپۆرتانەی لە لایەن خودی دامەزراوە دەوڵەتییەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە، وێنایەکی تەواو جیاواز دەخەنە ڕوو. دەیان شار و بگرە سەرانسەری وڵات لەگەڵ کەمبوونەوەی یەدەگی ئاو و پەککەوتنی تۆڕەکانی ئاوگەیاندن و کەمئاوی بەرەوڕوون. قەیرانی ئاوی وەرزی هاوین ناکرێت تەنیا بە بەهانەیساڵێکی کەمباران یان چەند مانگێک گەرمای تاقەتپڕووکێن پەردەپۆش بکرێت. ئەوەی ئەمڕۆ لە شێوەی پرتووکانی ژێرخانەکان و تۆڕەکانی ئاوگەیاندن، پچڕانی بەردەوام، دابەزینی کوالێتیی ئاو، وشکبوونی سەرچاوە خۆجێییەکان و پەرەسەندنی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی دەنوێنێت، دەرئەنجامی ڕەوتێکە کە بە درێژایی چەندین دەیە کەڵەکە بووە. سەرەڕای ئەمەش، دەسەڵات هێشتاش هەوڵ دەدات کێشەکە تەنیا لە گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکان و مۆدێلی بەکاربردنی هاووڵاتییاندا کورت بکاتەوە؛ گێڕانەوەیەک کە قەیرانەکە دەکاتە ڕووداوێکی سروشتی و کاتی، و ڕۆڵی سیاسەتدانان، پێکهاتەی ئابووری و شێوازی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان پەراوێز دەخات

لە مانگەکانی ڕابردوودا، بەرزبوونەوەی ڕێژەی بارانبارین بەراورد بە ساڵی پێشوو، بووە گرنگترین تەوەری پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندنەکانی حکوومەت. بەپێی ئامارە فەرمییەکان، تێکڕای بارانبارینی وڵات گەیشتووەتە نزیکەی ٢٢٥ ملیمەتر؛ ڕێژەیەک کە لە چاو نزیکەی ١٢٧ ملیمەتری ساڵی ڕابردوو هەڵکشانێکی بەرچاو نیشان دەدات و تەنانەت لە تێکڕای درێژخایەنیش تێپەڕیوە. بەڵام هەر هەمان دەزگا فەرمییەکان، نزیکەی لە هەمان کاتدا، هەواڵی کەمئاوییەکی توندیان لە ٥٨ شار لە ٢٣ پارێزگادا ڕاگەیاند. وەزیری وزەی ڕژێمی ئیسلامیش دۆخی سەرچاوە ئاوییەکانی تارانی بە قەیراناویترین دۆخی سەدەی ڕابردوو وەسف کرد. هەر ئەم ناتەباییە دەریدەخات کە قەیرانی ئاو، زیاتر لەوەی پاشکۆی بارانبارینی ساڵانە بێت، گرێدراوی شێوازی تاڵانکردنی سەرچاوەکان، مۆدێلی گەشەپێدان لەژێر سایەی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان و پێکهاتەی بەڕێوەبردنی ئاوە

هەر ئەم مۆدێلە لە شێوازی مامەڵەی حکوومەت لەگەڵ پرسی بەکاربردندا بەدی دەکرێت. لەو حەفتانەدا کە زۆرێک لە شارەکان بەرەوڕووی دابەزینی پەستانی ئاو یان پچڕانی ئاو ببوونەوە، جارێکی دیکە داوا لە هاووڵاتییان کرا کە بەکاربردنیان کەم بکەنەوە. دەستپێوەگرتن لە بەکارهێنانی ئاودا زەروورەتێکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام گۆڕینی بۆ پاساوی سەرەکیی قەیرانەکە، لەگەڵ داتا فەرمییەکاندا یەک ناگرێتەوە. بەپێی ئامارە بەردەستەکان، پشکی بەکاربردنی ناوماڵ تەنیا نزیکەی ٦ تا ٩ لەسەدی تێکڕای بەکاربردنی ئاوی وڵاتە، لە کاتێکدا زیاتر لە ٨٥ لەسەدی سەرچاوەکانی ئاو لە کەرتی کشتوکاڵدا بەکار دەبرێت. بەشێکی بەرچاوی ئەم بەفیڕۆچوونەش دەرئەنجامی شێوازی چاندنی پڕئاو، بەهرەدانەوەی کەم، پرتووکانی تۆڕەکانی ئاودێری و ئەو سیاسەتانەیە کە ساڵانێکە بێ هیچ چاکسازییەک درێژەیان هەیە. لەپاڵ ئەمەشدا، پەرەپێدانی پیشەسازییە ئاوبەرەکان لە ناوچە وشکەکان، گواستنەوەی ئاو لە نێوان حەوزەکان و چڕکردنەوەی سەرمایەگوزاری لە پڕۆژەگەلێکدا کە توانای سروشتیی ناوچەکانیان نادیدە گرتووە، گوشارێکی دوو هێندەیان خستووەتە سەر سەرچاوە سنووردارەکانی ئاو. کەواتە، پێداگریی یەکلایەنە لەسەر بەکاربردنی لەڕادەبەدەری ناوماڵ، زیاتر لەوەی وێنایەکی دروستی قەیرانی ئاو بخاتە ڕوو، هەوڵێکە بۆ گواستنەوەی بەرپرسیارێتی لە ئاستی بڕیاردانی ماکرۆی دامەزراوەکانی ڕژێمی ئیسلامییەوە بۆ سەر ڕەفتاری تاکی بەکاربەر

ڕەفتاری دامەزراوە و کاربەدەستانی ڕژێمی ئیسلامی بەرانبەر بە پچڕانی ئاوی تارانیش هەر پەیڕەویی لەم لۆژیکە دەکات. هەرچەندە کەمبوونەوەی پەستان و پچڕانی چەند کاتژمێریی ئاو لە زۆرێک لە گەڕەک و ناوچەکان بووەتە ئەزموونی ڕۆژانەی خەڵک، بەڵام وەزارەتی وزەی ڕژێمی ئیسلامی هێشتاش خۆی لە بەکارهێنانی دەستەواژەی «جیرەبەندی» دەبوێرێت و بە نادروستی دەزانێت. بەڵام ئەم چەواشەکارییانە هیچ گۆڕانکارییەک لە واقیعەکەدا دروست ناکەن. کاتێک لە کاتژمێرە دیاریکراوەکاندا ئاو بەردەست نییە یان پەستانەکەی هێندە دابەزیوە کە نهۆمەکانی سەرەوەی باڵەخانەکان عەمەلەن ئاویان پێ ناگات، جیاوازیی نێوان «بەڕێوەبردنی پەستان» و «جیرەبەندی»، زیاتر لەوەی ماهییەتێکی تەکنیکیی هەبێت، بەشێکە لە بەڕێوەبردنی سیاسیی ڕای گشتی

چاوخشاندنێک بە دۆخی پارێزگا جیاوازەکاندا، ڕەهەندە پێکهاتەییەکانی قەیرانی ئاو ڕوونتر دەکاتەوە. لە خۆراسانی باشوور، دوای ٢٦ ساڵ وشکەساڵی، ٩ شار و ٢٧ کۆمەڵگەی ئاوگەیاندن بەرەوڕووی کەمئاوییەکی توند بوونەتەوە و تەنیا نزیکەی ٣٠ لەسەدی ئەمبارەکانی ئاوی بیرجەند ماوەتەوە. لە ئەهواز، لێڵبوونی ئاوی ماڵان جارێکی تر خەڵکی ناچار کردووە پەنا بۆ سەرچاوەی جێگرەوە ببەن. لە پارێزگای سمنانیش

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

کەمئاوی لە ئاستی پرسێکی تەکنیکی تێپەڕیوە و بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیی بەردەوامی جووتیاران، ئاژەڵداران و دانیشتووانی ناوچەکە. ئەم نموونانە نیشانی دەدەن کە قەیرانی ئاو، ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر بژێوی، بەرهەمهێنان، تەندروستیی گشتی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی. قەیرانی ئاو ناکرێت بەدەر لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی زاڵ و شێوازی ڕێکخستنی ئابووری شیکاری بۆ بکرێت. لە هەر سیستەمێکی ئابووریدا، شێوازی کەڵکوەرگرتن لە سروشت، پاشکۆی ئەو لۆژیکەیە کە بەسەر بەرهەمهێنان و کەڵەکەبوونی سەرمایەدا زاڵە. لە ئێراندا تەرخانکردنی سەرچاوەکانی ئاو، شوێنی نیشتەجێکردنی پیشەسازییەکان، سیاسەتە کشتوکاڵییەکان، جێبەجێکردنی پرۆژەکانی گواستنەوەی ئاو و لەپێشینەبوونی سەرمایەگوزارییەکان، ناکرێت تەنیا بە بڕیارگەلێکی تەکنیکی هەژمار بکرێن

ئەم بڕیارانە لەژێر سایەی حوکمڕانیی ئیسلامیی سەرمایەداران دراون، کە بە درێژایی چەندین دەیە، قازانجپەرستیی خستووەتە پێش توانستە ژینگەییەکان (ئیکۆلۆژییەکان). دەرئەنجامی ئەم ڕەوتە، دابەزینی بەردەوامی یەدەگی ئاوی ژێرزەوی، ڕۆچوونی بەرفراوانی زەوی، وشکبوونی زۆنگاوەکان، وێرانبوونی حەوزە ئاوییەکان و پەرەسەندنی ململانێی نێوان ناوچە و کەرتە جیاوازەکان لەسەر سەرچاوە سنووردارەکانی ئاو بووە. لەم چوارچێوەیەدا، پرسەکە تەنیا بێکفایەتیی بەڕێوەبردن نییە، بەڵکوو پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە بۆچی سەرەڕای دەیان ساڵ هۆشداریی شارەزایان سەبارەت بە دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی، شێوازی چاندنی پڕئاو، دامەزراندنی پیشەسازییە ئاوبەرەکان لە ناوچە وشکەکان و دەرهێنانی لەڕادەبەدەری سەرچاوە ژێرزەوییەکان، هێشتاش سیاسەتە بنەڕەتییەکان هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهاتووە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ سەرنج بخەینە سەر بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی چینی دەسەڵاتدار. لەم ڕوانگەیەوە، قەیرانی ئاو، دەرئەنجامی لۆژیکیی ئەو پەیوەندییە چینایەتییانەیە کە تێیدا باجە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکان پەراوێز خراون و قازانجە کورتخایەنەکان بەسەر سەقامگیریی درێژخایەندا زاڵ بوون. گەشەپێدانی نایەکسانی ناوچەییش بەشێکە لە هەمان ڕەوت. زۆرێک لەو پارێزگایانەی کە ئەمڕۆ بەرەوڕووی توندترین قەیرانی کەمئاوی بوونەتەوە، لە هەمان کاتدا کەمترین ئاستی بودجەیان لە بواری ژێرخانەکانی ئاوگەیاندن، نۆژەنکردنەوەی تۆڕە پرتووکاوەکان و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان بۆ تەرخان کراوە. لە بەرانبەردا، بەشێکی گرنگی بودجە و سەرمایەگوزارییەکان تەرخان کراوە بۆ پرۆژەگەلێک کە سەقامگیریی ژینگەییان هەر لە سەرەتاوە جێگەی گومان بووە. دەرهاوێشتەی ئەم سیاسەتانەش، خستنی قورسایی باجی قەیرانەکە بووە بۆ سەر شانی توێژە چەوساوەکان، کرێکاران، جووتیاران و دانیشتووانی ناوچە بێبەشەکانی ئێران. ئەو جەماوەرەی لە بڕیاردانەدا هیچ ڕۆڵێکیان نەبووە، بەڵام یەکەمین قوربانیانی کەمئاوی، دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان و دابەزینی کوالێتیی خزمەتگوزارییە گشتییەکانن

❋❋❋

# کۆماری ئیسلامی، هاوکات لەگەڵ پەلاماردانی سفرەی بەتاڵی کرێکاران، دەهۆڵی تۆڵە و شەڕانگێزی دەکوتێ

ڕۆژی شەممە ٢٠ی پووشپەڕ، لە پەیامێکدا کە دەدرێتە پاڵ «موجتەبا خامنەیی» بەبۆنەی ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردن و ناشتنی عەلی خامنەییەوە کە لە تەلەڤیزیۆنە دەوڵەتییەکانەوە بڵاوکرایەوە، جەخت لەسەر خوێنبایی و تۆڵەسەندنەوەی حەتمی خوێنی باوکی و کوژراوانی تری دوو شەڕەکەی ئەم دواییە کراوەتەوە. موجتەبا خامنەیی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەی نەک هەر بە ئەرکی خەڵکی ئێران، بەڵکوو بە مەئموریەتی کەسانێک لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان زانی کە بەمزوانە جێبەجێی دەکەن. ناوبراو کە کوژرانی خۆیشی بە ئەگەرێکی بەهێز دەزانێت، لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەم تۆڵەسەندنەوەیە تەنانەت بە لەناوبردنی



خۆی و بەرپرسانی دیکەی حکوومەتی ئیسلامیش ناوەستێت

هەڵبەت ئەمە تەنیا موجتەبا خامنەیی نییە کە باس لە تۆڵە و خوێنبایی دەکات، بەڵکوو زۆرێک لە ڕێبەران و سەرانی تری حکوومەتی ئیسلامی، بەتایبەت ئاخوندەکان، پێشنوێژانی هەینی، دارودەستەی باڵی ئوسوولگەرا توندڕەوەکان و هەندێک لە فەرماندەکانی سوپای پاسداران کە بەرژەوەندی خۆیان لە درێژەدان بە شەڕانگێزیدا دەبیننەوە، دەهۆڵی شەڕ و تۆڵە دەکوتن. عەلی خومەینی، نەوەی ڕوحوڵڵا خومەینی لە ڕێوڕەسمی پرسەی خامنەیی لە قوم ڕایگەیاند: "هەر بەرپرسێک لە بیری تۆڵەی خوێنی ڕێبەری شەهیددا نەبێت، دەبێت شک لە ویژدانی خۆی بکات. شوناسی ئێمە سازشنەکردنە لەگەڵ ئیستکبار، و دانوستان لەگەڵ ئەمریکا بۆ گەیشتن بە ئاشتی، خیانەتە". بۆ وەها کەسانێکی مفتەخۆر کە خاوەنی ژیانێکی پڕ لە ڕەفاهیەت و ڕازاوەن و هیچ کێشەیەکیان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان نییە، درێژەدان بە شەڕانگێزی و دانی دروشمی لەم چەشنە هیچ باجێکی بۆیان نییە. بەڵام ئەوە کرێکاران و توێژە دەستکورتەکانی کۆمەڵگان کە لێکەوتە و دووکەڵی شەڕ و گەمارۆ و قەیرانی ئابووری، ژیان و گوزەرانیانی خستووەتە مەترسییەکی جدییەوە

درێژەدان بە سیاسەتی شەڕانگێزانەی عەلی خامنەیی و ئەڵقەی نزیکانی لە یارمەتیدانی ترەمپ و نەتانیاهۆی فاشیست بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی ١٢ ڕۆژەی جۆزەردانی ١٤٠٤، گەڕاندنەوەی میکانیزمی ماشە لە ڕەزبەری ساڵی ڕابردوو، شەڕی ٤٠ ڕۆژە و گەمارۆی ئابووریی سەر کۆماری ئیسلامی و ڕێگریکردن لە هەناردەی نەوت، قەیرانی ئابووریی بە شێوەیەکی بێوێنە قووڵتر کردووەتەوە. تێچووە قورسەکانی ئەم شەڕانە و ئەو زیانە گەورانەی بەر ژێرخانە پیشەسازی، ئابووری و خزمەتگوزارییەکان کەوتوون، هۆکاری سەرەکین بۆ خولقاندنی وەها بارودۆخێکی نالەبار لە ئێراندا. بۆ نموونە، بە دانپێدانانی بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای "تەوانیر"، قەبارەی زیانەکانی شەڕ تەنیا لە پیشەسازیی بەرقدا تا ئێستا گەیشتووەتە زیاتر لە ٦٠ هەزار ملیار تومەن؛ زیاتر لە ٢ هەزار خاڵی تۆڕی سەرتاسەریی کارەبا زیانی جدییان بەرکەوتووە و ئاستی بەرهەمهێنانی کارەباش ٤٢٠٠ مێگاوات کەمیکردووە. بەهۆی دابەزینێکی لەم چەشنەوە، لە کاتێکدا کە بەرهەمهێنان لە زۆرێک لە کارگە و ناوەندە پیشەسازییەکاندا وەستاوە یان کەمی کردووە، بووەتە هۆی دەرکردنی بەکۆمەڵی هێزی کار و هەڵکشانی ڕێژەی بێکاری، هەروەها لە گەرمای سووتێنەری هاویندا ژیان و تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی بنەماڵەی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی خستووەتە مەترسییەوە. دەوڵەتی گەندەڵ و مایەپووچی کۆماری ئیسلامی کە توانای ئەوەی نییە بودجەیەک بۆ چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی تۆڕی کارەبا و قەرەبووکردنەوەی زیانەکان تەرخان بکات، بەتەمایە تێچووەکەشی بەسەر سفرەی بەتاڵی خەڵکدا بسەپێنێت. بارودۆخەکە لە بەشەکانی تری ژێرخان، پیشەسازی و خزمەتگوزاریشدا هەر بەم جۆرەیە

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجێکدا دەهۆڵی شەڕ و تۆڵە دەکوتێ، کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شەڕێکی نابەرامبەری لەگەڵ هێزە پڕچەککراوەکانی ئەمریکا دەستپێکردووەتەوە. ئەوان بە تەقاندنی چەند موشەکێک بەرەو دوو کەشتی یان بەرەو وڵاتانی ناوچەی کەنداو، بوونەتە هۆی ئەوەی کە لە زۆرێک لە شارەکانی ئێران ژێرخانە ئابووری، سەربازی و پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکان بە بۆردومان و موشەکبارانی ئەرتەشی ئەمریکا خاپوور بن. میدیاکانی حکوومەت و بەرپرسە ناوچەییەکانی ڕژێم ڕایانگەیاند کە لە ئێوارەی یەکشەممەوە تا بەیانیی دووشەممە ٢٢ی پووشپەڕ، گەلێک ناوچە لە ١١ پارێزگای ئێران کەوتوونەتە بەر هێرشی سەربازیی سوپای ئەمریکا

ئەم هێرشانە لە کاتێکدان کە ئەمریکا بانگەشەی ئەوە دەکات کە تێپەڕبوونی کەشتییە بازرگانییەکان لە ڕێڕەوی ئاویی باشووری گەرووی هورمزەوە بەردەوامە، سوپای پاسدارانیش بە خەیاڵی سەپاندنی دەسەڵات بەسەر تەواوی گەرووی هورمزدا، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە کە: "گەرووی هورمزیان تا کاتێکی نادیار داخستووە و کەشتییەکان تەنیا دەبێت بەو ڕێڕەوەدا تێپەڕ بن کە کۆماری ئیسلامی بۆی دیاری کردوون." لەو بەیاننامەیەدا هۆشداری بە ئەمریکا دراوە کە هەر هەنگاوێکی سەربازیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەرەوڕووی "وەڵامی توندی سەربازی" دەبێتەوە. جێگەی ئاماژەیە کە دەوڵەتی ئەمریکا لە هەوڵدایە بە دروستکردنی ڕێڕەوێکی ئاویی باشوور لە ئاوەکانی عوماندا، کارتی گەرووی هورمز بۆ باجگیری لە دەستی کۆماری ئیسلامی دەربهێنێت

فەرماندە دەسەڵاتدارەکانی سوپای پاسداران لە کاتێکدا خەریکی پەرەپێدانی گرژییە سەربازییەکانن لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتانی کەنداو و هاوبەشەکانیان، کە قەیرانی ئابووری لە ئێران بە شێوەیەکی بێوێنە قووڵ بووەتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پانتایی و قووڵاییەکەی زیاتر دەبێت. بەپێی ئامارەکانی ناوەندە داراییەکانی ڕژێم، هەڵکشانی ڕێژەی هەڵاوسانی مانگانە لە ئێران تەنانەت لە ڕێژەی هەڵاوسانی ساڵانەی زۆرێک لە وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش تێپەڕی کردووە. بەتایبەتی هەڵاوسانی مادده خۆراکییەکان کە گەیشتووەتە سەرووی ١٣٤ لەسەد، توانای کڕینی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگای لە جاران زیاتر دابەزاندووە. بەهۆی درێژەکێشان و قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری لە ماوەی چەندین ساڵدا، ئابووریی ئێران نەک هەر گەشەی بەخۆوە نەبینیوە، بەڵکوو بەشێوەیەکی بێوێنە ٨ تا ١٠ لەسەد کەمی کردووە. بەم جۆرە، بەهۆی داخران یان کەمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لە بەشێکی گەورەی پیشەسازییەکاندا، نەک هەر هەلی کاری نوێ نەڕەخساوە، بەڵکوو دەرفەتەکانی ئێستاش لەناو چوون و بێکارکردنی بەکۆمەڵ و دەرکردنی هێزی کار بووەتە کێشەی سەرەکی کرێکاران. ئەم ڕەوتە بووەتە هۆی پەرەسەندنی هەژاری لە کۆمەڵگادا و هۆکاری سەرەکیی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی شەڕانگێزانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، کە ژیان و بژێویی کرێکاران و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکەیان لە سەرتاسەری ئێراندا بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی خۆیان بە بارمتە گرتووە. بێگومان کرێکاران، کە لەژێر گوشاری بێکاری و هەژاری و فەلاکەتی ئابووریدا هیچ ڕێگەیەک بۆ پاشەکشەیان نەماوەتەوە، دەستەوسان دانانیشن و لەسەر بنەمای درێژەدان بە مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانیان، بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیان و پێکهێنانی ڕێبەرایەتییەکی سەرتاسەری تێدەکۆشن، و لە درێژەی هەمان ڕێگەدا کەرەستە و پێداویستییەکانی ڕووخاندنی حکوومەتی ئیسلامیی سەرمایەداران دابین دەکەن

❊❊❊

# لێکتێگەیشتننامە ١٤ خاڵییەکە لە ژێر سێبەری گرژییە سەربازییەکاندا

لە کاتێکدا زیاتر لە سێ هەفتە بەسەر واژۆکردنی لێکتێگەیشتننامەی نێوان دەوڵەتی ئەمریکا و ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا تێدەپەڕێت، نەک هەر هیچ پێشڕەوییەکی بەرچاو لە جێبەجێکردنیدا نەهاتووەتە ئاراوە، بەڵکوو تا ئێستا چەندین جار ئاگربەستی پەسەندکراوی نێو لێکتێگەیشتننامەکە لەلایەن هەردوولاوە پێشێل کراوە و گەیشتن بە ڕێککەوتنی گشتی لە ماوەی دیاریکراوی ٦٠ ڕۆژەدا ڕووبەڕووی لێڵی و گومانێکی زۆر کردووەتەوە. توندترین ئاڵوگۆڕی تەقە و پێکدادان لە نێوانیاندا لە ڕۆژانی سێشەممە و پێنجشەممە، ١٦ و ١٨ی پووشپەڕ ڕوویدا. ڕۆژی سێشەممە، سوپای پاسداران بە ئاراستەکردنی مووشەک بۆ سەر سێ کەشتیی سەر بە قەتەر و عەرەبستان کە لە ڕێڕەوی باشووری گەرووی هورمزەوە تێدەپەڕین، گرژییەکی سەربازیی نوێی خولقاند. لە بەرامبەر ئەم پەلامارانەی سوپای پاسداراندا، سێنتکام (فەرماندەیی ناوەندیی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە)، بە هێرشی مووشەکی بۆ سەر ٨٠ خاڵی ستراتیژیی سەربازی، ئابووری و ژێرخانی لە شارە لێوارلوییەکانی ئێران و ناوچەکانی دەوروبەری، وەڵامی دایەوە. هێرشە پێچەوانەکانی کۆماری ئیسلامیش بە هاویشتنی مووشەک بۆ سەر بنکەکانی ئەمریکا لە کوێت، بەحرەین و ئوردن، سەرباری ئەوەی کە بە پەلاماری زۆر توندتری ئەمریکا بۆ سەر ٩٠ ئامانج لە ناوخۆی ئێران لە ئێوارەی چوارشەممە و بەرەبەیانی پێنجشەممەدا وەڵام درایەوە، لە هەمان کاتدا بەرەوڕووی ئیدانەکردنی دەوڵەتانی ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداویش بووەوە و ناکۆکییەکانی نێوان ئەوان و کۆماری ئیسلامیی قووڵتر کردەوە. ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمریکا دژ بە کۆماری ئیسلامی لە ئێوارەی پێنجشەممە ١٨ی پووشپەڕیشدا، بۆ سێیەمین ڕۆژی لەسەریەک بەردەوام بوو و دەنگی تەقینەوەی گەورە و سامناک لە هەندێک لە شارەکانی باشووری ئێران، لەوانە بووشێهر، بەندەرعەبباس، عەسەلوویە و کرمان بیسترا

ئەم پەلامارانە لەلایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامییەوە ڕێک لە کاتێکدا دەستیان پێکردەوە کە سی و شەشەمین کۆبوونەوەی سەرانی دەوڵەتانی ئەندام لە ناتۆ، بە ئامادەبوونی ٣٢ کەس لە سەرانی دەوڵەتانی ئەندام، لەوانەش ترامپ، لە ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە (١٦ و ١٧ی پووشپەڕ) لە ئانکارا بەڕێوە دەچوو. یەکێک لەو بابەتانەی کە دوای شەڕی ئۆکراین کەوتە سەرووی ئەولەوییەتەکانی کاری ئەم کۆبوونەوەیە، دۆسیەی کۆماری ئیسلامی و ئازادیی کەشتیوانی لە گەرووی هورمز و دەستتێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لەو گەرووەدا بوو. لە لایەکی دیکەوە، ئەم گرژییە سەربازییانە هاوکات بوو لەگەڵ گێڕانی تابووتی تەرمی عەلی خامنەیی لە نەجەف و کەربەلا؛ شانۆگەرییەک کە چوار مانگ دوای کوژرانی، بە ئامانجی چەواشەکردنی ڕای گشتی، ڕازیکردنی ڕەوتە ئوسوولگەرا کۆنەپەرستەکان و پێشگرتن بە داڕمانی ڕیزەکانیان بەڕێوە دەچوو. ئەوان ناڕەزایەتی و تووڕەیی خۆیان لە سەرکردایەتیی دەسەڵاتداری سوپای پاسداران، بەهۆی دانیشتنیان لەسەر مێزی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا، لە میانەی ئەم تابووتگێڕانەدا بە دروشمی تۆڵەسەندنەوە و کوشتنی ترامپ و دیاریکردنی خەڵاتی سەد ملیۆن دۆلاری بۆ ئەو کارە، دەردەبڕی

بەڵام ئامانجی سەرەکیی سوپای پاسداران لە هاویشتنی چەند مووشەکێک بەرەو ڕووی سێ کەشتیی نەوتهەڵگر، هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی لوتکەی ناتۆ، ناردنی پەیامی ناڕەزایەتی بوو بەرامبەر بەو لوتکەیە لە چوارچێوەی بەناو "نمایشی هێز"دا. ئەردۆغان وەک سەرۆکی ئەم لوتکەیە لە وتاری کردنەوەیدا، بەرگریی لە مافی ئازادیی کەشتیوانی لە گەرووی




هورمز بۆ هەموان کرد و لە بەرامبەر هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ خستنەژێر کۆنترۆڵی گەرووی هورمز لە ڕێگەی مینڕێژکردن و تەقەکردن لە کەشتییەکان، ئامادەیی تورکیای بۆ بەشداریکردن لە هەڵگرتنەوەی مینەکانی ئەو گەرووەدا ڕاگەیاند. هەروەها سوپاسی "هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی" ترامپی کرد لەپێناو هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. لە بەشێکی بەیاننامەی کۆتایی لوتکەی ناتۆشدا هاتووە: "ئێران نابێت هەرگیز دەستی بە چەکی ناوکی بگات و دەبێت بەتەواوی ڕێز لە ئازادیی کەشتیوانی لە گەرووی هورمز بگرێت."

وەک ناڕەزایەتییەک بەرامبەر بە دەقی ئەو بەیاننامەیە، باڵیۆزخانەی ڕژێم لە ئانکارا ڕایگەیاند کە سەرچاوەی سەرەکیی نائارامیی ناوچەکە دەستتێوەردانە سەربازییەکان و سیاسەتە تێکدەرانەکانی ئەمریکا و ئەکتەرەکانی دیکەی ناوچەکەیە و ناتۆ سەڵاحییەتی لێدواندانی لەسەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکەی نییە. ئەمە لە کاتێکدایە کە زلهێزە سەرمایەدارییەکانی ئەورووپا، لەوانە فەڕانسە، بریتانیا و ئاڵمان، بە چاوپۆشی لە هەندێک هەڵوێستی جیاواز لەسەر پرسەکانی دیکە، هاوڕان لەسەر پاراستنی ئاسایشی کەشتیوانی لە گەرووی هورمز بەبێ پێدانی هیچ باج و سەرانەیەک و

گەڕانەوە بۆ دۆخی پێش شەڕ و بەبێ دەستتێوەردانی کۆماری ئیسلامی. لەم پێناوەشدا و بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا، هێز و کەرەستەی سەربازییان لە دەوروبەری ئەم گەرووەدا جێگیر کردووە

ئامانجی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لە نانەوەی ئاڵۆزی و مووشەکبارانکردنی گەرووی هورمز بەرەو ڕووی کەشتییە نەوتهەڵگرەکان و بنکەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی کەنداو، هەوڵدانە بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز لە ئەمریکا بۆ ئازادکردنی پارە بلۆککراوەکان و هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکان. لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە، ترامپ کە ئێستا لە ناوخۆ و دەرەوەشدا بۆ درێژەدان بە شەڕی کۆنەپەرستانە و تاوانکارانەی لەگەڵ ڕژێمی ئیسلامی ڕووبەڕووی دژایەتی و ئاستەنگ و گرفت بووەتەوە و هەڵبژاردنەکانی نیوەی خولی ئەنجوومەنی نوێنەران و پیران و پارێزگارەکانیشی لەپێشە، ئارەزووی درێژەدان بە شەڕی نییە و لە دۆخێکی وەهادا لە بەرامبەر گرژییە سەربازییەکان و زێدەخوازییەکانی کۆماری ئیسلامیدا نەرمی دەنوێنێت، یان تەنیا بە ئۆپەراسیۆنی کورتخایەن و بچڕبچڕ قەناعەت دەکات. بەڵام پێگەی ستراتیژیی گەرووی هورمز، هەروەک چۆن لوتکەی ناتۆش سەلماندی، نەک تەنیا بۆ ئەمریکا، بەڵکوو بۆ زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکانی دیکەش گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە و ڕێگە بە کۆماری ئیسلامی نادەن گەرووی هورمز بخاتە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی خۆیەوە. دژایەتیی دەسەڵاتی پاشایەتیی عومان لەگەڵ پێشنیارە ڕیاکارانەکەی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی هاوبەشی ئەو گەرووەش، نموونەیەکی دیکەی ئەم ڕاستییەیە

مووشەکبارانکردنی کەشتییەکان لە گەرووی هورمز یان بەرەو وڵاتانی ناوچەی کەنداو لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە مەبەستی نانەوەی ئاڵۆزی لەگەڵیاندا، نەک هەر خەونی فەرماندەکانی سوپا و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆنترۆڵکردن و گرتنەدەستی بەڕێوەبردنی گەرووی هورمز ناهێنێتە دی، بەڵکوو دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ڕق و بێزاری لە کۆماری ئیسلامی؛ چ لە ناوخۆی ئێراندا لە نێو ڕیزەکانی کرێکاران و توێژە هەژار و بێبەشەکانی دیکەی کۆمەڵگا، و چ لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا. درێژەدان بە سیاسەتی شەڕخوازانەی ڕژێم لە هەلومەرجێکی وەهادا، زەمینەی ڕەخساندنی دۆخی هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکانیش زیاتر دوا دەخات. بەڵام درێژەکێشانی دۆخی "نە شەڕ و نە ئاشتی"، ئەگەرچی بۆ دەسەڵاتداران و فەرماندە گەندەڵەکان و مافیای سوپای پاسداران دەرفەتێک بۆ دزی و تاڵانچێتیی زیاتر دەڕەخسێنێت، بەڵام بۆ کرێکاران و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش -کە ساڵانێکە لە ژێر باری گرانی، بێکاری، هەژاری و برسیەتیدا ژیان و گوزەرانیان کەوتووەتە مەترسییەوە- نەهامەتی وماڵوێرانیی زۆر زیاتری لێ دەکەوێتەوە

❋❋❋

## سەد و سییەمین هەفتەی هەڵمەتی «سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە» لە ٥٩ زینداندا

## به پەرەپێدانی بزووتنەوەی نا بۆ سێدارە، ماشێنی سەرکوتی ڕژێم ڕاگرین

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بێوەستان و بێپسانەوە لەسێدارەدانی زیندانییانی سیاسی لەژێر بیانووی پاراستنی ئاسایشی گشتی لە بەرامبەر دزەکردنی دوژمنانی دەرەکی، و هەروەها لەسێدارەدانی زیندانییان و تاوانبارانی ئاسایی لەژێر پەردەی ڕێگریکردن لە تاوان و دابینکردنی مافی هاووڵاتییان درێژە دەدات. زیندان و ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی نەیارانی سیاسی هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئیسلامییەوە تاکوو ئێستا، یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دەسەڵاتداری ئەم ڕژێمە جینایەتکارە بووە. ئەمڕۆ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا لەژێر گوشاری قورسی قەیرانی ئابووری و بێتوانایی لە درێژەدان بە شەڕدا، هیچ ڕێگەیەکی جگە لە سازش لەگەڵ ئەمریکا لە بەردەمدا نەماوەتەوە، بەڵام لە بەرامبەر کرێکاران و جەماوەری ناڕازی ئێراندا شمشێری لە ڕوو بەستووە و زیندان و ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی کردووەتە ڕەمزی مانەوەی خۆی. ئەم ڕژێمە جینایەتکارە تەنانەت ئەو کاتەش کە تاوانبارانی ئاسایی لەسێدارە دەدات، مەبەستی تۆقاندنی کۆمەڵگە و چاوترسێنکردنی نەیارانی سیاسییە. بەڵام سەرەڕای پەرەسەندنی سەرکوت و شەپۆلی لەسێدارەدانەکان، کۆمەڵگە چاوترسێن نەبووە و خەباتی کرێکاران و خانەنشینان و توێژە بێبەشەکان بۆ گەیشتن بە داخوازییەکانیان و هەروەها خەبات دژی سزای لەسێدارەدان و بۆ ئازادی زیندانییانی سیاسی هەروا بەردەوامە. ژنان و پیاوانی زیندانی سیاسی، ئەم مرۆڤە ئازا و ئازادیخوازانە، بە ڕێکخستنی هەڵمەتی «سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە» لەپشت شیشەکانی زیندانەوە، ماوەیەکی زۆرە ئاڵای خەبات دژی سزای لەسێدارەدانیان شەکاندووەتەوە

هەڵمەتی «سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە» کە لە ٥٩ زیندانی ئێراندا درێژەی هەیە، لە سەد و سییەمین هەفتەی مانگرتن لە خواردندا، لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە لە ڕێکەوتی سێشەممە ٣٠ی پووشپەڕی ١٤٠٥ ڕایگەیاندووە کە وەک دژایەتی و نارەزایەتی بەرامبەر بە لەسێدارەدانە نامرۆڤانەکان، زیاتر لە ١٥٠٠ زیندانی لە یەکەی ٢ی زیندانی قزڵحەسار، پتر لە هەفتەیەکە دەستیان داوەتە نارەزایەتی و مانگرتن و داوای هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان دەکەن. لەم بەیاننامەیەدا هاتووە

«هەڵمەتی "سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە"، وێڕای شەرمەزارکردنی شەپۆلی سێدارە لە ئێران، یادی سەرجەم ئەو زیندانییانەی لەسێدارە دراون بەرز ڕادەگرێت؛ بەتایبەتی ئەوانەی لەپێناو ئازادی و خەبات دژی دیکتاتۆرییەتی سەرەڕۆدا گیانیان فیدا کرد.» بەیاننامەکە لە درێژەدا جەختی کردووەتەوە کە: «حکوومەتی مستەبیدی دەسەڵاتدار، لە هەفتەی ڕابردوودا جارێکی دیکە چوار زیندانیی سیاسی بە ناوەکانی عارفی خۆشکار لە زیندانی قزڵحەسار و محەممەد ئەمینی دەهاقانی، عیرفانی ئیسفەندیاری و گوڵ محەممەد محەممەدی لە زیندانی ئەسفەهان، بە شێوەیەکی سەدەکانی ناوەڕاست لەسێدارە داوە.» ئەم بەیاننامەیە بە پشتبەستن بە ئاماری باوەڕپێکراو، ئاماژە بە لەسێدارەدانی لانیکەم ٢٨٠ کەس لە زیندانییان لە ساڵی ١٤٠٥دا دەکات

لە بەیاننامەی هەڵمەتی «سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە»دا جەخت کراوەتەوە کە «زیندانییانی یەکەی ٢ی زیندانی قزڵحەسار کە ئێستا لە حاڵی نارەزایەتی و مانگرتن لە خواردندان، زۆربەیان بە تۆمەتی پەیوەندیدار بە ماددە هۆشبەرەکانەوە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپاوە. لە کاتێکدا بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە هاوردەکار و بەرهەمهێنەری ماددە هۆشبەرەکان لە ئێراندا گەورە بەرپرسانی حکوومەت و سەرکردەکانی سوپای پاسدارانن، وە بۆ داپۆشینی ئەم خیانەتە ئاشکرایە، ئەو کەسانەی لە ڕووی هەژاری و نەدارییەوە کەوتوونەتە نێو داوی ماددە هۆشبەرەکانەوە، هەموو ڕۆژێک ڕادەستی پەتی سێدارە دەکەن.»

لە هەلومەرجی ئێستادا، پەرەسەندنی شەپۆلی سەرکوت و سێدارە بەرنامەبۆداڕێژراوەکانی کۆماری ئیسلامی، دەبێت لە گرێدراوی لەگەڵ قووڵبوونەوەی قەیرانی ڕەوایی سیاسی ئەم ڕژیمە، درز و لێکترازان لە نێو دەسەڵات، وە بێتوانایی ئایدیۆلۆژیک لە ڕەوایەتیدان بە دۆخی هەنووکەیی و هەروەها ترس و دڵەڕاوکێ لە پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکاندا لێک بدرێتەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا، توندکردنەوەی سەرکوت هەم وەک ستراتیژیی مانەوە و هەم وەک تاکتیک، بووەتە یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردنی قەیران. ئەم لەسێدارەدانە بەرنامەبۆداڕێژراوانە، زیاتر لەوەی نیشانەی دەسەڵات و هێز بن، دەربڕی لوتکەی قەیرانی ڕەوایی ڕژیمی ئیسلامی و داماوییەتی لە وەڵامدانەوە بە داخوازییەکانی کۆمەڵگە. ئێستاش لە کاتێکدا کە هەزاران کەس لە دەستبەسەرکراوانی ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکەی بەفرانباری ١٤٠٤ لە زیندانەکاندا ڕاگیراون، ڕژیمی جینایەتکاری ئیسلامی بۆ چاوترسێنکردنی کۆمەڵگە، داسی مەرگی لەسەر سەریان ڕاگرتووە و هەموو هەفتەیەک ژمارەیەکیان لەسێدارە دەدات

لە بارودۆخی ئێستادا، پەرەپێدانی بزووتنەوەی هاودڵی و هاوپشتی لەگەڵ بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی لە ناوخۆی ئێران و هاوپشتی لەگەڵ «هەڵمەتی نا بۆ سێدارە» کە ئاڵاکەی لەپشت شیشەکانی زیندانەوە بەرز کراوەتەوە، زیاتر لە جاران زەروورەتی پەیدا کردووە. لە دەرەوەی وڵاتیش پێویستە سەرجەم هێزەکان و مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان، دەست لەناو دەست، بە ڕێکخستن و وەڕێخستنی هەڵمەتی سیاسی، ڕژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی بۆ کۆتاییهێنان بە سێدارە و ئازادکردنی زیندانییانی سیاسی، بخەنە ژێر گوشارەوە

❋❋❋

## «تەنیا یەک وشە لە ئارادا نەبوو: ئازادی!»
## ڕاگەیاندراوی ناوەندی نووسەرانی ئێران بە بۆنەی بیست و شەشەمینساڵوەگەڕی ماڵئاوایی ئەحمەد شاملوو




لە وڵاتێکدا کە هێشتا کتێب قەدەغە دەکرێت، زمان دەخرێتە کۆتوبەندەوە، ڕاستییەکان چەواشە دەکرێن و ئازادی ڕادەربڕین کراوەتە تاوان، ئەوانەی لە سەنگەری ئازادیدا ڕاوەستاون لەناو ناچن؛ بەڵکوو لە یادەوەریی جەماوەردا، لە خۆڕاگریی وشەدا و لە هەر دەنگێکدا کە لە چنگ سانسۆر و سەرکوت گیان دەرباز دەکات، بە زیندوویی دەمێننەوە. ئەحمەد شاملوو لە ڕەچەڵەکی هەر ئەم خۆڕاگرییە بوو؛ لە ڕەگەزی ئەو وشانەی لەناو ئاگردا باڵا دەکەن و بەدەم بادا بڵاو دەبنەوە و هەرگیز خامۆش نابن

«بامداد»ی شاعیر، هاوڕێی دێرینی ناوەندی نووسەرانی ئێران، ئازادیی بە ئاواتێکی دەستنەکەوتوو و ئامرازێک بۆ ڕازاندنەوەی قسە نەدەزانی؛ ئازادی بۆ ئەو، مافێکی بنەڕەتی و مەرجی حاشاهەڵنەگری ژیانی مرۆڤ بوو. هەر بۆیە لە تەواوی تەمەنیدا، سەری بۆ هیچ دەسەڵاتێک شۆڕ نەکرد و قەڵەمەکەی نەخستە خزمەت فەرمانی هیچ هەژموون و زۆردارییەکەوە؛ نە لە ئاست دیکتاتۆری پاشایەتیدا چۆکی دادا و نە لە هەمبەر ستەمکاری کۆماری ئیسلامیشدا ملی کەچ کرد، و تا دواساتەکانی تەمەنی، لە سەنگەری ئازادی بێ شەرت و مەرجی بیر و ڕادەربڕیندا وەستا. شیعرەکەی، زمانی بێدەنگان، پەناگەی چەوساوەکان و ڕەتکردنەوەی سەرتاپای زۆرداران و تاکڕەوان بوو

ئەمڕۆ، پاش تێپەڕینی بیست و شەش ساڵ بەسەر خامۆشبوونیدا، هێشتا حوکمە لەڕادەبەدەرەکانی زیندان بەردەوامن و سەرکوتی دەنگە سەربەخۆکان درێژەی هەیە؛ سانسۆر هێشتا حوکم بەسەر هزر و بیردا دەکات و نووسەران، شاعیران، ڕۆژنامەنووسان، هونەرمەندان، مامۆستایان، خوێندکاران، هەڵسووڕاوانی کۆمەڵایەتی و ئازادیخوازان بە تاوانی بیرکردنەوە، نووسین و قسەکردن، کەوتوونەتە ژێر گوشار، هەڕەشە، بێبەشکردن، زیندان، دوورخستنەوە و لەسێدارەدان. هاوکات، شەڕ، هەژاری، گرانی، داڕمانی بژێوی و هەڵاواردن، ژیانی ملیۆنان مرۆڤی پەراوێز خستووە و کەرامەتی مرۆڤی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر خستووەتە ژێر پێ. ڕێگریکردن لە دەستڕاگەیشتنی ئازادانە بە ئینتەرنێت و پەرەپێدانی تاریکی بێهەواڵی، بوونەتە ئامرازێک بۆ توندترکردنی کۆنترۆڵ و سەرکوت. ئەوەی ئەمڕۆ بەسەر خەڵکدا دێت، تەنیا دەرەنجامی شەڕ نییە، بەڵکوو ئاکامی بەردەوامبوونی سیاسەتەکانی سیستەمێکی دەسەڵاتدارە کە بەرگەی بینینی ئازادی ناگرێت

ناوەندی نووسەرانی ئێران لە یەکەمین ڕۆژی دامەزراندنییەوە پێداگری لەسەر پرەنسیپێک کردووە کە ئەمڕۆش مافی بنەڕەتیی ئەم وڵاتەیە: «ئازادیی بیر، ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوە، بێ هیچ کۆتوبەند و جیاوازییەک بۆ هەمووان». ئازادییەک کە نە لە سێبەری «شەڕ»دا هەڵدەپەسێردرێت، نە لە پەنای «ئەمنییەت»دا دەکرێتە قوربانی، و نە بە بیانووی هیچ بەرژەوەندییەک دەکرێت بۆ داهاتوویەکی نادیار دوا بخرێت. لە وەها هەلومەرجێکدا، ڕێزگرتن لە شاملوو، بەرخودانە لە بەرامبەر لەبیرچوونەوەدا. یادی ئەو، یادی سەرجەم ئەو ئازادیخوازانەیە کە لە بەرەی حەقیقەت و ڕاستیدا وەستان و باجەکەیان دا؛ ئەوانەی ویستیان مرۆڤ حاکم بێت بەسەر چارەنووسی خۆیدا، نەک ملکەچ و فەرمانبەری دیکتاتۆری

ئەندامانی ناوەندی نووسەرانی ئێران، وەک نەریتی هەموو ساڵێک، ڕۆژی ٢ی گەلاوێژی ١٤٠٥، کاتژمێر ٥ی سەرلەئێوارە لە ئیمامزادە تاهیری کەرەج گرد دەبنەوە و بە گوڵبارانکردنی گڵکۆکەی، یادی شاعیری ئازادی بەرز ڕادەگرن. شاعیرێک کە هێشتاکە وەبیرمان دەهێنێتەوە

«تەواوی وشەکانی جیهانمان لەبەردەستدا بوو و

ئەوەمان نەگوت

کە بەکار بێت

چونکە تەنیا یەک وشە

یەک وشە لە ئارادا نەبوو:

ئازادی!»

**ناوەندی نووسەرانی ئێران**

٢٩ی پووشپەڕی ١٤٠٥

❊ ❊ ❊

## مانگرتن لە خواردنی زیندانیانی قزڵحەسار، ناڕەزایەتییەک دژی ماشێنی ئێعدام

مانگرتن لە خواردنی زیندانیانی یەکەی دووی زیندانی قزڵحەساری کەرەج لە ناڕەزایەتی بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئێعدام، بۆ دووەمین جار لەم مانگانەی دواییدا، ئەوە دەردەخات کە دژایەتیکردنی کوشتارە حکوومەتییەکان لە ناوەوەی زیندان، بە شێوەیەکی نەپساوە بووەتە بەشێک لە بەرخۆدان و خۆڕاگریی بەکۆمەڵ. ئەم مانگرتنە کە پاش گواستنەوەی شەش زیندانی بۆ ژووره تاکەکەسییەکان بە مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمی سێدارە دەستی پێکردووە، ڕۆژی شەممە ٢٧ی پووشپەڕ بۆ شەشەمین ڕۆژی لەسەریەک بەردەوام بووە. ئەم مانگرتنە ڕەنگدانەوەی تووڕەیی و ناڕەزایەتییەکی پەرەسەندووی کۆمەڵایەتییە دژی توندوتیژیی ڕێکخراوی دەوڵەتی. لە هەمان کاتدا، دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ دوازدە کەس لە خۆپیشاندەرانی دۆسیەی ئیسفەهان لە بەفرانباری ٤٠٤١، ئەوە دەسەلمێنێت کە ئێمە لەگەڵ ڕەوتێکدا بەرەوڕووین کە ئێعدامی کردووەتە یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی سەرکوت و تۆقاندنی کۆمەڵگا. سزای ئێعدام لە ئێراندا تەنیا لە چوارچێوەی سیستەمی سزادان یان دەزگای دادوەریدا جێگەی شیکردنەوە نییە، بەڵکوو سزای مەرگ بەشێکە لە میکانیزمی حکوومەتی ئیسلامی بۆ زامنکردنی مانەوەی خۆی و سەپاندنی ئەو نەزمەی کە مەبەستیەتی. بەپێی ئەو ئامارانەی لە لایەن دامەزراوەکانی مافی مرۆڤەوە بڵاو کراونەتەوە، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامی لە ساڵانی ڕابردوودا هەمیشە ڕیکۆرددداری جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدام بووە. بەشێکی گەورە لەم حوکمانە پەیوەندییان بە دۆسیەکانی ماددە هۆشبەرەکانەوە هەیە، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێعدامی زیندانییە ئاساییەکانیش بۆ چاوترسێنکردنی کۆمەڵگا و سەپاندنی نەزمە دڵخوازەکەی خۆی بەکار دەهێنێت

هەر لە یەکەمین ڕۆژی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە، کارکردی ئێعدام لە بازنەی تاوانە گشتییەکان تێپەڕیوە و زیاتر لە جاران پەلیکێشاوە بۆ گۆڕەپانی سیاسی و ئەمنی. لە هەلومەرجی ئێستادا، سزای سێدارە هەم بووەتە ستراتیژی مانەوەی کۆماری ئیسلامی و هەم تاکتیکێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان. دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ ناڕازییان، لەوانەش دوازدە تۆمەتباری دۆسیەی ئیسفەهان، دەری دەخات کە کۆماری ئیسلامی سزای

ئێعدام وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنێت. پاش ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکان و قووڵبوونەوەی زیاتری درزی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا، نمایشی هێز لە ڕێگەی سزای مەرگەوە پێگەیەکی زەقتر و بەرچاوتری وەرگرتووە. لەم هەلومەرجەدا، ئێعدام نمایشی دەسەڵاتی حاکمیەت و زەنگێکی مەترسییە بۆ تەواوی کۆمەڵگا لە بەرامبەر ئەگەری خۆڕێکخستن و ڕاپەڕینی جەماوەری. لەسەر وەها بەستێنێک، مانگرتن لە خواردنی زیندانیانی قزڵحەسار گرنگییەکی زۆر گەورەتر لە ناڕەزایەتییەکی ناو زیندان پەیدا دەکات. ئەم جووڵەیە دەبێت لە درێژەی چەکەرەکردنی فۆرمە نوێیەکانی خۆڕاگری دژی ئێعدام، لەوانەش هەڵمەتی «سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام» هەڵسەنگێندرێت؛ هەڵمەتێک کە توانیویەتی بنەماڵەی زیندانیان، چالاکانی مەدەنی و بەشێک لە ڕای گشتی لە دەوری داواکاری هەڵوەشاندنەوەی سزای مەرگ کۆ بکاتەوە. گرێدرانی خۆڕاگری و خەباتی ناو زیندان بە هاوپشتیی دەرەوەی زیندانەوە، نیشانەی چەکەرەکردنی بزووتنەوەیەکی فراوانترە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی ئێعدام

خەسڵەتی بەرچاوی مانگرتنی ئەم دواییەی زیندانیان دژی سزای سێدارە، ماهییەتە بەکۆمەڵەکەیەتی. زیندانیان بە ڕەتکردنەوەی خواردن و بە گردبوونەوەی ناڕەزایەتی لە ساڵۆنی بەندەکەیاندا، تەواوی میکانیزمی دەرکردن و جێبەجێکردنی حوکمەکانی سێدارەیان خستووەتە ژێر پرسیارەوە. بەرزکردنەوەی دروشمە دەستنووسەکانی «نا بۆ ئێعدام» لە کاتی ئەم مانگرتنەدا، دەربڕینی ڕوونی ئەو هەڵوێستەیە کە نابێت حاکمیەت مافی لێسەندنەوەی ژیانی مرۆڤی لە قۆرخدا بێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دەبێت هاوکات توانا و سنووردارێتییەکانی ئەم فۆرمە لە خەباتیش ببینرێت. مانگرتن لە خواردن، سەرەڕای گرنگییە سیاسییە بەرجەستەکەی، لە کۆتاییدا کردارێکە کە پشت بە جەستەی زیندانیان دەبەستێت و بە تەنیا توانای گۆڕینی هاوکێشە و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی نییە. ئەزموونە مێژووییەکان سەلماندوویانە کە ناڕەزایەتیی لەم شێوەیە کاتێک دەتوانێت بگاتە ئامانجێکی پایدار و نەگۆڕ کە لەگەڵ فۆرمەکانی تری خەباتی کۆمەڵایەتی و بزووتنەوە پێشڕەوەکان و ناڕەزایەتییەکانی دەرەوەی زیندان گرێ بخوات

لەو ڕوانگەیەوە، مەسەلەی سەرەکی گۆڕینی ئەم ناڕەزایەتییانەیە بۆ بەشێک لە خەباتێکی کۆمەڵایەتی گشتگیر. ڕەوتەکانی ئێستا دەری دەخەن کە هەر کاتێک قەیرانە ئابووری و سیاسییەکان قووڵتر بووبێتنەوە، پەنابردن بۆ سزای سێدارەش زیاتر بووە. تا ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان فراوانتر دەبن، پشتبەستنی حاکمیەتیش بە ئامرازەکانی تۆقاندن هەڵدەکشێت. کەواتە، خەبات دژی ئێعدام کاتێک دەگاتە ئاسۆیەکی کاریگەر کە ڕیشە ئابووری و سیاسییەکانی بەرهەمهێنانەوەشی بکاتە ئامانج. هەر لەم چوارچێوەیەدا، ئەو ڕوانگانەی کە تەنیا مافی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرن، سەرەڕای ڕۆڵی گرنگیان لە دۆکیۆمێنتکردن و ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتی، تووشی بەربەست و سنووردارێتی دەبن. تیشک خستنە سەر کەمکردنەوە یان چاکسازی لە سزای سێدارەدا، بەبێ ئاوڕدانەوە لەو پەیوەندییانەی کە ئەم توندوتیژییە بەرهەم دەهێننەوە، لە کۆتاییدا بازنەیەکی سنووورداری دەبێت. خەبات دژی ئێعدام کاتێک دەبێتە هێزێکی کاریگەر کە بە ڕەخنەگرتن لە پێکهاتە ئابووری و سیاسییەکانی خولقێنەری سەرکوت و نایەکسانی گرێ بخوات

مانگرتن لە خواردنی زیندانیانی قزڵحەسار، بەتایبەت لە درێژەی هەڵمەتی «سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام»، نیشانی دەدات کە پێکەوەگرێدانێکی لەم شێوەیە پوتانسیەل و زەرفیەتێکی واقیعییە. ئەم ناڕەزایەتییە، هەرچەندە لە ناو بەندێکی زیندانەوە سەری هەڵداوە، بەڵام دەتوانێت ببێتە خاڵێک بۆ یەکگرتنەوەی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان دژی سزای مەرگ؛ بەو مەرجەی تۆڕەکانی هاوپشتی فراوانتر بن، هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ڕۆڵێکی چالاکتر بگێڕن و ئەم دەنگە لە پشتی دیوارەکانی زیندانەوە بگاتە ناو گۆڕەپانی گشتی. هەتا ئەو کاتەی پەیوەندییە نایەکسانەکانی دەسەڵات و پێکهاتە چینایەتییەکان خۆیان بەرهەم دەهێننەوە، فۆرمە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژیی دەوڵەتیش بەردەوام دەبن. لەم ڕووەوە، خەبات دژی ئێعدام، لە ڕادیکاڵترین واتای خۆیدا، بەشێکی دانەبڕاوە لە خەبات بۆ گۆڕینی ئەو پەیوەندییانەی کە بواری جێبەجێکردنی توندوتیژییەکی وا دەڕەخسێنن. مانگرتنی زیندانیانی قزڵحەسار دژی ئێعدام، زۆر لەوە گەورەترە کە تەنیا ڕووداوێکی ناو زیندان بێت، بەڵکوو نیشانەی بەردەوامی خۆڕاگری و خەباتە لە بەرامبەر سیاسەتێکدا کە مەرگ و کوشتنی ئەنقەستی دەوڵەتی کردووەتە ئامرازی حوکمڕانی. گرنگیی ئەم خۆڕاگرییە دەگەڕێتەوە بۆ خولقاندنی ئەو زەرفیەتەی کە دەتوانێت خەباتی دژی ئێعدام، بە بزووتنەوە پێشڕەو و ناڕەزایەتییەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگاوە گرێ بداتەوە

❊❊❊



# شـێعر

## فەرشی ماڵەکەم

فەرشی ماڵەکەم

ڕەنگی کاڵە،

بەختی تاڵە،

غەرقی تۆز و خەوشو خاڵە.

مامە عەنکەبووت

قوژبنی نەماوە نەیتەنێ،

جێ نەماوە هەڵنەخا پەتی.

سیحری فووی دەمی کەمەندە مێش ئەخاتە بەند

مێشی گەورە خۆی و غیرەتی

پەت پساندنێکی لازمە!

******

فەرشی ماڵەکەم

هەرچی نەخشی تەخت و مینبەر ومنارەیە

سیسرک ڕمێکی لێ چەقاندووە

قیژە قیژ و گارەگاریە

سیسێرۆی بەزاندووە!

******

فەرشی ماڵەکەم بە داوی جاڵجەڵووکە

نەخشەکانی بوونە چنجرووکی پەسپەسۆکە

بوونە هەیکەلی جنۆکە.

فەرشی ماڵەکەم

تەکاندنێکی لازمە!

*****

کێهە سووچی دەس دەمێ؟

کێیە دێتە یارمەتی؟

خۆ هەواڵەکەم وەنەوزی خستە خۆ!

هەواڵەکەم هەواڵەکەم،

قوڕ بە ماڵەکەم

نەخشی خەوش و خاڵە ڕوومەتی

پرخە پرخی خەویەتی

ڕاشەکاندنێکی لازمە.

چاوە ( فاتح شێخ )

❊❊❊




کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسـپێکی بەرنامـەکان، ١٩:٣٠
دوپاتـەی دەوری ئەوەڵ، ١:٣٠
دوپاتـەی دەوری دوهەم، ٧:٣٠
دوپاتـەی دەوری سـێهەم، ١٣:٣٠

**پێشـــــڕەو**

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات**
representative@komala.co

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**
international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
٠٠٩٦٤٧٧١٠٢٨٦١٩٣
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧
٠٠٤٦٧٢٩٠٣٠٦٩٦
٠٠٤٥٦٠٩١١٧٨٢
٠٠٤٦٧٣٧١٦٩٧٤٦